ICMPD
International Centre for
Migration Policy Development



# به ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی

## کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان

توێژینەوەیەکی سوریاو تورکیا، ئوردون و عیراق

پوختەی لێکۆڵینەوە

# به ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی

## کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان

## توێژینەوەیەکی سوریاو تورکیا، ئوردون و عیراق

**پوختەی لێکۆڵینەوە**

لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ، ڤیێنا – نەمسا، ئامادەکراوە

بە راسپاردەو تەمویل لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی بە کەسەکان (J/TIP)

سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ. کانونی دووەمی ٢٠١٦

**نووسەری راپۆرت:**
کلێر هیلی

**تیمی توێژینەوە:** زیاد خەلدون ئەدلبی، ئێریکا ئەیازی، ڤانێسا لاریا، فولیا مامیشۆگلو، شەنای ئۆزدەن

**تیمی سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ:**
نەدا ئەمرایش، لوکاس گێپهرکە، مێلیتا گرویڤسکا گراهام، ئێلیسا ترۆسێرۆ

سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ (ICMPD)
Gonzagagasse
Vienna ١٠١٠-١A
Austria
www.icmpd.org

سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ

هەموو مافەکان پارێزراون. نابێ هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەرهەم بهێنرێتەوە، کۆپی بکرێت یان بە هەر شێوەیەك یان ئامرازێکی ئەلیکترۆنی یا میکانیکی بگوازرێتەوە کە فوتۆکۆپی، تۆمارکردنی ، یان هەر کۆگەکردنێکی زانیاری و گێرانەوەی سیستەمیش دەگرێتەوە، بەبێ رەزامەندی خاوەنەکانی مافی بڵاوکردنەوە.

ئاماژەی پێشنیازکراو: ICMPD (٢٠١٦). بە ئامانجگرتنی خاڵەکانی لاوازی: کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان - پوختەی لێکۆڵینەوە. ڤێنا: ICMPD



ئەم بڵاوکراوەیە لە رێگەی پشتگیری پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی بە کەسەکان (J / TIP) هێنراوەتە ئارا بەپێی مەرجەکانی بریاری ژمارە.S-SJTIP-14-GR-1022. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا خراونەتە روو بیروڕای نووسەرن و مەرج نیە رەنگدانەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێت.

هێڵکاری لەلایەن مارك ریچەدین
وەرگێران بۆ کوردی: ئیسماعیل خالید گەلاڵی
لە Druck and Graphikservice GmbH – DGS لە نەمسا چاپ و بەستەبەندکراوە

ISBN:
978-3-902880-65-9 EN (print)
978-3-902880-66-6 EN (pdf)
978-3-902880-67-3 AR (print)
978-3-902880-68-0 AR (pdf)
978-3-902880-69-7 TR (print)
978-3-902880-70-3 TR (pdf)
978-3-902880-71-0 Iraqi KR (print)
978-3-902880-72-7 Iraqi KR (pdf)

# ١ پێشەکی

بە ئامانجگرتنی خاڵە لاوازەکان کاریگەری شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران لەسەر بازرگانیکردن بە کەسەکان (TIP) لە سوریاو ناوچەکانی دەوروبەری هەڵدەسەنگێنێ. ئەو پێنج وڵاتەی کە توێژینەوەکەیان لەسەر ئەنجامدەدرێت – سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق – لەسەر بنچینەی قەبارەی ئاوارەبوونی ناوخۆو پەنابەران هەڵبژێردراون. خودی دیاردەی بازرگانی بە مرۆڤ بریتیە لە تیشکۆی بابەتیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە ئامانجی بریتیە لە تێگەیشتنی شێوازەکانی بازرگانیکردن بە کەسەکان کە ئەنجامدەدرێن لەگەڵ ئەوانەی کە دەکەونە بەر کاریگەریەکەی و، ئەنجامدەرانی کێن، زیاتر لە تاقیکردنەوەی سیاسەت ودەستپێشخەریەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ. ئەم لێکۆڵینەوە پوختەیە دەرەنجام و راسپاردە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات، کە دەتوانرێ بە تەواوی داونلۆد بکرێت، بە هەموو سەرچاوەکانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی و ئەدەبیات، لە:

www.icmpd.org/our-work/capacity- building/trafficking-in-human-beings/publications/

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ەوە، تورکیا میواننداری نزیکەی ١,٩ ملیۆن ئاوارەی تۆمارکراوی سوری کردووە، زۆربەیان لە پارێزگاکانی باشوری رۆژهەڵات و باشوری تورکیا. دووەم گرنگترین وڵاتی خانەخوێ لە رووی ژمارە رەهاکانەوە لوبنانە، کە میواننداری زیاتر لە ١,١ ملیۆن سوری تۆمارکراو دەکات، لە کاتێکدا ئوردن میواننداری نزیکەی ٦٣٠٠٠٠ کەس دەکات کە لە سوریاوە هەڵاتوون. لە کۆتاییدا، عیراق میواننداری نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ پەنابەری سوری دەکات، کە زۆربەیان نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عیراقن[١]، کە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیە لە وڵاتێکی فیدراڵدا. سەرەڕای نزیکەی ٦,٦ ملێۆن کەس کە لە ناوەوەی سوریادا ئاوارە بوون.

هەرچەندە ئەم ژمارانە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە سوریاوە بەرەو وڵاتانی دراوسێ هەڵاتوون، بەڵام وەکو چالاك نە لە ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)و، نە لە حاڵەتی تورکیا لەلای دەسەڵاتە نیشتیمانیەکان تۆمارکراون. لە سوریا نزیکەی ١٧٪ی ئاوارەکانی ناوخۆ لە کەمپەکاندان و، لە هەر چوار وڵاتی پەناگەدا زۆرینەی سوریەکان لە دەرەوەی کەمپە فەرمیەکانی پەنابەراندا دەژین. لە عیراق، ٣٩٪ی سوریەکان لە کەمپەکاندان؛ لە ئوردن ١٩٪؛ لە تورکیا ١٥٪و؛ لوبنانیش کەمپی فەرمی بۆ سوریەکان نیە.




١ کوردستانی عیراق بریتیە لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کە چوار پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەی تازە دامەزراو (سەرەتاکانی ٢٠١٤) لەخۆدەگرێت.

توێژینەوەکە ئەنجامی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی «هەڵسەنگاندنی کاریگەری شەڕی سوریا و قەیرانی پەنابەران لەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکان (AIS-TIP)" کە لە لایەن ئۆفیسی چاودێری و نەهێشتنی بازرگانی بە کەسەکان (J / TIP ) لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرمایەی بۆ دابین دەکرێت و لە لایەن سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەکانی کۆچ (ICMPD) جێبەجێ دەکرێت.

توێژینەوەکە پەیرەوی پسپۆری جۆراوجۆری پیادە کردووە، لەپاڵ کۆکردنەوەی توێژینەوە بنچینەییەکانی ئەم بوارە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی لاوەکی سەرمێزو راوێژکاری لە دوورەوە، سەرەرای شیکاری سەرچاوە جۆری و چەندیەکان. بەهۆی هەندێك ئاستەنگی لۆجستی لە ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بەسەر نموونەیەکی تەواوی نوێنەرایەتی لەناو پەنابەران، خەڵکی ئاوارەو خودی گرووپە لاوازەکاندا، بەهۆی جۆراوجۆری گرووپە کارتێکراوەکان و زۆری ژمارەی تێکەوتوان، چەندێتی وجۆرێتی داتا و زانیاریەکان کە راستەوخۆ لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەرگیراون، دەسەڵاتە نیشتیمانی و خۆجێییەکان، رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی، نیشتیمانی و خۆجێییەکان و رێکخراوە مرۆییەکان، رۆژنامە نوسان و سەرچاوە میدیاییەکان، توێژەرەکان و دوێندراوان کە وەکو خاوەن زانیاری پەیوەندیدار دەستنیشان کراون. دەرەنجامەکانی توێژینەوەی وڵات، پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەکانی سەرمێزو توێژینەوە مەیدانیەکان بۆ پێنج وڵات، لەپاڵ توێژینەوەی سەرمێزی هەرێمایەتی، بۆ توێژینەوەکە کۆکرانەوەو شیکاریان بۆکرا.

لەنێوان هەر چوار وڵاتی خانەخوێی بەرتوێژینەوەکە، تەنیا تورکیا واژۆی رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٥١ی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردووە سەبارەت بە رەوشی پەنابەران و پرۆتوکۆڵەکەی لە ١٩٦٧دا، بەڵام ئەویش واژۆی بڕگەکانی پرۆتۆکۆڵەکەی نەکرد بۆ فراوانکردنی چوارچێوە جوگرافیەکەی لە دەرەوەی ئەوروپا. بۆیە هیچ یەکێك لەو وڵاتانە پێناسەی رێکەوتننامەی پەنابەران بەسەر هەڵاتووانی شەڕ لە سوریا پیادە ناکەن. ئەمەش واتا کە دۆزەکانی پەنابەران لە رووی کرداریەوە بە یاسا نیشتمانیەکان چارەسەر دەکرێت. لەبەرئەمە ئەوانەی لە سوریا رادەکەنلەکەچی هەندێك رێنمایی تایبەتی دیاریکراو دەبن کە پێش یان لەکاتی شەڕ و سەرەتای جوڵەی کۆچپێکردنی بەزۆر دەرچوێندراون.

هەموو وڵاتانی ژێر لێکۆڵینەوەکە رێکەوتننامەی ٢٠٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکانیان بۆ نەهێشتنی تاوانی رێکخراوی نێونەتەوەییان واژۆکردووە لەگەڵ پرۆتۆکۆلی دژ بە بازرگانیکردن بە مرۆڤی سەر بەم رێکەوتننامەیە. لە ئاستی نیشتمانیدا، لەکاتێکدا تورکیا مادەیەکی تازەی بۆ یاسای تاوانەکان زیادکردووە لە ٢٠٠٢دا، کە بازرگانی بە کەسەکان بە تاوان دادەنێت، وڵاتانی دیکەی بەر توێژینەوەکە هەموویان یاسای نەهێشتنی بازرگانیان لە شەش ساڵی دواییدا بەرێکردووە. یاسای ژمارە ٩ نەهێشتنی بازرگانی بە کەسەکانی ئوردن هی ساڵی ٢٠٠٩یە، مەرسومی یاسایی ژمارە ٣ی سوریا بۆ بەگژداچوونەوەی بازرگانی بە کەسەکان لە ٢٠١٠ دەرچووە، یاسای لوبنانی ژمارە ١٦٤ سەبارەت بە سزای بازرگانیکردن بە کەسەکان و یاسای سزاکان و یاسای رێکارە تاوانکاریەکان لە ٢٠١١ هەموارکران؛ هەروەها یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە عیراق لە ساڵی ٢٠١٢وە بەرکارە.

چوارچێوەی زەمەنی توێژینەوەکە ئاسانکاری بەراورد دەکات لەنێوان رەوشەکە لە سەرەتادا ٢٠١١، بە ئاماژە بۆ سەرتاپاگیریەکەی وەکو وادەیەکی بنچینەیی، لەگەڵ رەوشەکە لەماوەی ٢٠١١-٢٠١٦ بە گشتگیری، لەپێناو هەڵسەنگاندنی شوێنەوارەکانی ململانێکە.

# ٢ بازرگانی بە مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتادا

لە قۆناغی سەرەتای ئەم توێژینەوەیە - ٢٠٠١- ٢٠١٠، بازرگانی بە مرۆڤ بەرەو/ لەناو وڵاتانی ژێر لێكۆڵینەوەكە ئەنجامدەدرا، بە تایبەتی **لە باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا. هەروەك خەڵكی رۆژهەڵاتی ئەفریقا** بەرەو سوریاو لوبنان بازرگانیان پێوەكراوە، لەكاتێكدا **خەڵكی ئەوروپای رۆژهەڵات** بەرەو توركیا، سوریا، ئوردن و لوبنان بازرگانیان پێوەكراوە. خەڵكی باكوری ئەفریقا وەكو بازرگانی پێكراو بۆ لوبنان و، بە رادەیەكی كەمتر بۆ تۆركیا دەستنیشانركاون، لەكاتێكدا **خەڵك لە وڵاتانی CIS**[٢]رێژەیەكی گەورە پێكدەهێنن لە قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ كە لە توركیا دەستنیشانكراون، لەپاڵ ئەوەی روسیەكانیش بەرەو سوریا بازرگانیان پێوەكراوە. لەنێو وڵاتانی ژێر توێژینەوە، **عیراقیەكانیش**بازرگانیان پێوەكراوە، لەرێگەی ئوردن، توركیاو سوریا؛ راپۆرتەكان دەریانخستوە كە لەم ماوەیەدا **سوریەكانیش**لە لوبنان بازرگانیان پێوەكراوەو، بە رادەیەكی كەمتریش لە توركیا. هاوڵاتیان و دانیشتوان لە لوبنان و عیراقیش وەكو **بازرگانی پێكراوی ناوخۆ**لە ناوەوەی ئەو وڵاتانەدا دەستنیشانكراون، بەتایبەتی بە مەبەستی ئیستیغلالی سێكسی.

بەر لە ساڵی ٢٠١١، حاڵەتەكانی بازرگانی دەستنیشانكراو لە وڵاتانی بەر توێژینەوەكە بە شێوەیەكی سەرەكی بە مەبەستی بازرگانی ئیستیغلالی سێكسی، كۆیلەكردنی نێوماڵ، ئیستیغلالی دەستی كار لەنێوان پێگەیشتوان و منداڵان و ئیستیغلال لە رێگەی سواڵ پێكردن، هاوسەرگیری بەزۆر و ئیستیغلال لە كێشە چەكدارەكاندا بووە، هەروەها لە هەندێك باری دابڕاودا بۆ بەكورکردنی نایاسایی و دەرهێنانی ئەندامەكان لە لوبنان، هەروەك لە هێڵكاری ١، لە خوارەوە خراوەتە روو.

هێڵكاری ١: شێوازەكانی بازرگانیكردن بە مرۆڤ لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا




٢ پەیوەندی وڵاتانی سەربەخۆ (CIS) بریتیە لە رێكخراوێكی هەرێمایەتی، كە وڵاتانی ئەندام تیایدا بریتین لە: ئەرمینیا؛ ئازەربایجان؛ بێلارووس؛ كازاخستان؛ قیرغیزستان؛ مۆڵدۆڤا؛ روسیا؛ تاجیكستان و ئۆزبەگستان. وڵاتانی بەشداریش تیایدا بریتین لە توركمانستان و ئۆكرانیا.

بەشێوەیەکی بەرچاو **بازرگانی بۆ ئیستیغلالی سێکسی لە لەشفرۆشیدا** لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەکە راپۆرت کراون وەکو دیاردەیەکی نێوان-هەرێمی لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی و تورکیاش. بە تایبەتی ژنان و کچانی عیراقی و سوری کەوتوونەتە ژێر کاریگەری. هەروەها راپۆرتکراوە کە ژنان و کچان لە باکوری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ئەوروپاوە بەمەبەستی ئیستیغلالی سێکسیەوە بازرگانیان پێوەکراوە بەرەو لوبنان، ئوردن، تورکیاو سوریاو، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ لوبنان و تورکیا. هەروەك بازرگانی ناوخۆ بۆ ئیستیغلالی سێکسی لە عیراق، لوبنان و ئوردن دیاریکراوە.

زۆربەی حاڵەتەکانی **ئیستیغلال لە کار، خراپترین شێوازی کارپێکردنی منداڵان بوون لە بارودۆخی کاری خراپدا**. کە لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا دەستنیشانکراون لە هەر پێنج وڵاتی ژێر توێژینەوە لە کاری بیناسازی، کشتوکاڵ و کارگەکان، هەروەها لە پیشەسازی خزمەتگوزاری لە سوریا. تێکەوتنی منداڵان بە سواڵکردن و کاری دیکەی سەرشەقام لە لوبنان و ئوردن دەستنیشانکراون.

**بازرگانی بە مەبەستی خزمەتکردن لە ماڵاندا** بە نوسین راگەیەندراوە لە ماوەی قۆناغی سەرەتا لە سوریا، لوبنان و ئوردن، بە تایبەتی کاریگەری بەسەر ژنانی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاو، رۆژهەڵات و باشوری ئەفریقادا هەبووە. لە سوریاو عیراق، **بازرگانی بە مەبەستی هاوسەرگیری کاتی بەزۆر** لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا بەرچاوکەوتووە، کە دیاردەیەکە ئێستا لە لوبنان وئوردنیش دەکەوێتە بەرچاو لە دەسپێکی شەڕی سوریاوە. منداڵان بۆ ریزی هێزە چەکدارەکان ئیستیغلال کراون لە ماوەی قۆناغی سەرەتادا لە سوریا، تورکیا، لوبنان و عیراق.

لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٥ەوە، نزیکەی **٦,٦ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ لە سوریا** هەبوون (OCHA، 2015 ). رێگەکانی کۆچی ناوخۆ، ئاسانکردنی پرۆسەکانی کۆچی ناوخۆو بازرگانی ناوخۆ بە مرۆڤ لەناوەوەی سوریا بەپێی گۆڕانی هێڵەکانی شەڕ جیاوازبوون، کۆنترۆڵکردنی ناوچەی تایبەت لەلایەن رژێمی ئەسەدو گروپە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن و، ناوچەکانی بنچەو روگەکانی ئاواران. زۆر لە ئاوارەکانی ناوخۆو پەناخوازان چەندینجار لە سەرەتای شەڕەوە جێیان گۆڕیوە. زانیارییپێدەری توێژینەوە باسی گروپێکی سوریان دەکات لە شاری حەڵەبەوە، کە بەمدووایە گەیشتوونەتە تورکیا: «ئەوان دەڵێن، ئێمە لە حەڵەبەوە چووینە ئەدلیب، ئینجا بۆ حومس، پاشان بۆ قامیشلی. لە پەیەدە[٣]، داعش، سوپای ئازادی سوریا، رژێمی سوریا هەڵاتووین. توانامان نەماوە چیدی رابکەین، نە نانمان ماوە نەهیچ» (TR16)[4].

هەندێك رێگەی ناوخۆی دیاریکراو لەلایەن سوریە هەڵاتووە پەناخوازەکان لە دەرەوە گیراوەتە بەر، کە وایان لێدەخوازێ بەناو ئەو وڵاتەدا سەفەر بکەن کە شەڕ خاپوری کردووە لە شوێنی نیشتەجێی پێشوویان لەسەر سنوورەکانی تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق. سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی سوریەکان رێگەی یاساییان پێدراوە بۆ چوونەناو وڵاتانی دراوسێ لە ٢٠١١ەوە، **مەرزی غەیرەنیزامیش راپۆرتکراوە کە بەیارمەتی قاچاخچیەکان سنوورەکانیان پیادەبەزێنن** لە هەر چوار وڵاتی خانەخوێی بەر توێژینەوەکە.

هێڵکاری ٢: پرۆفایلی نیشتمانی پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ

| | سەرجەمی دانیشتووان | تێکڕای رووبەر (کم٢) | پەنابەر/ ئاوارەکانی سوریا لە کۆتایی ٤١٠٢ | وەکو ٪ی دانیشتووان | پەنابەر/ ئاوارەکانی سوریا لە ٥١٠٢/٩٠/٠٣ |
|---|---|---|---|---|---|
| سوریا | ٢٣٠٠٠٠٠٠ | ١٨٥١٨٠ | ٧٦٣٢٥٠٠ ئاوارەی ناوخۆ | ٪ ٣٠,٤ | ٦٦٠٠٠٠٠ |
| | | | کەسانی دیکەی جێبایەخ: ٣١٥١٥٥ (کە ١٦٠٠٠٠یان بێ رەگەزنامەن) | | |
| تورکیا | ٧٦٦٦٧٨٦٤ | ٧٨٣٥٦٢ | ١٧٠٠٠٠٠ | ٪٢,٢ | ١٩٣٨٩٩٩ |
| لوبنان | ٥٨٨٢٥٦٢ | ١٠٤٥٢ | ١٢٠٠٠٠٠ | ٪٢٠,٤ | ١١١٣٩٤١ |
| ئوردن | ٦٤٥٩٠٠٠ | ٩٦١٨٨ | ٦٥٠٠٠٠ | ٪١٠,١ | ٦٢٨٨٨٧ |
| عیراق | ٣٣٠٠٠٠٠٠ | ٤٣٧٠٧٢ | ٢٢٥٠٠٠ | ٪٠,٧ | ٢٤٨٥٠٣ |
| هەرێمی کوردستانی عیراق | ٥٢٠٠٠٠٠ | | ٢٠٧٠٠٠ | ٪٤,٠ | |
| سەرجەم | | | | | ٣٩٣٠٣٣٠ پەنابەر |

**تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق میوانداری ٨٦,٧٪ی پەنابەرانی سوریا لە دەرەوە دەکەن**. ٤٤١٢٤٦ سوریی دیکە لە نیسانی ٢٠١١ەوە تا ئابی ٢٠١٥ هەوڵی پەنابەریان داوە لە ئەورووپاو، ١٥٩١٤٧ لە میسرو وڵاتانی باکوری

٣ پەیەدە: پارتی یەکێتی دیموکرات، پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردی تورکیایە.

٤ دیدارەکە بە تورکی ئەنجامدراوە، لەلایەن توێژەری وڵات وەرگێردراوە.

ئەفریقا[٥]، کە تێکڕای پەنابەرانی سوری دەکاتە ٤٥٢٩٥٧٢ پەنابەر.

### هێڵکاری ٣: پەنابەرانی تۆمارکراوی سوری




دوای شەڕی عیراق بە ڕابەرایەتی ئەمریکا لە ٢٠٠٣ و بەدواداهاتنی توندوتیژی تایفەگەری، **زۆر لە عیراقیەکان ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون**، سوریاش زۆرترین ژمارەی لێ وەرگرتن. لە بەرواری سەرەتاوە، حکومەتی سوریا ژمارەی ئەو پەنابەرە عیراقیانەی لە سوریا دەژیان بە نزیکەی ٤٧١٤٩٩ کەس خەمڵاند، سەرەڕای ئەوەی UNHCR تەنیا یارمەتی ١٠١٩٠٠ پەنابەری عیراقی دەدا لە کانونی دووەمی ٢٠١٢. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ٢٠١٢، ژمارەکەی UNHCR بۆ ٦٢٧٠٠ کەم بۆوە.[٦]

سروشتی **جوڵەی ناوخۆ لە عیراق** لە ٢٠١١ەوە جۆراوجۆر بووە بە پێی ناوچەکەو گروپە ئیتنی و ئاینییە تێکەوتووەکان. لە کۆتایی ٢٠١٤ەوە، داعش[٧] کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی کرد لە ڕۆژئاوا باکوری ڕۆژئاوای پارێزگاکانی ئەنبارو نەینەوای عیراقی، بەشاری موسڵیشەوە. ئەمەش بووە هۆی شەپۆلێکی تازەی کۆچی ناوخۆ لە عیراق. لە ئەیلولی ٢٠١٥ەوە، ٣١٨٢٧٣٦ ئاوارەی ناوخۆ لە عیراق هەبوون. حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق نزیکەی ٢٧٪ی تەواوی ژمارەکە (٨٥٢٦٦٠ کەس)ی لەخۆگرتووە (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ IOM عیراق، ئەیلولی ٢٠١٥).

ژمارەیەکی بەرچاوی **پەنابەرانی فەلەستینی** لە هەموو وڵاتانی ژێر توێژینەوەکەدا هەبوون، جگە لە تورکیا، بەر لەدەستپێکردنی شەڕ لە سوریا. بە تێکڕایی وا دەخەمڵێنرێ ٨٠٠٠٠ پەنابەری فەلەستینی لە سوریا لە ٢٠١١ەوە ئەو وڵاتەیان جێهێشتبێ، کە ٥٣٠٠٠یان بەرەو لوبنان چوون (ئۆنروا، ١ی تەموزی ٢٠١٤). لەکاتی دەستپێکردنی شەڕ نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ **کوردی بێ ڕەگەزنامە** لە سوریا هەبوون. لەگەڵ ئەمەشدا مەرسومێکی سەرۆکایەتی دەرچوو لە نیسانی ٢٠١١کە ڕەگەزنامەی بەخشییە پتر لە ١٠٠٠٠٠ کوردی بێ ڕەگەزنامە وەکو هەوڵێك بۆ پەشیمان کردنەوەیان لە چوونە ریزەکانی ڕاپەڕین.

---

٥ ٢٦٧٠٠ سوری لە وڵاتانی باکوری ئەفریقا جگە لە میسر پێشوازیان لێکراوە. http://data.unhcr.org/syrianrefugees/regional.php، لە ٢٠١٥/١٠/٠١ سەیریکراوە

٦ بڕوانە: www.unhcr.org/51b1d63cb.html,لە ٢٠١٥/١١/٠٤ سەیریکراوە.

٧ داعش کە بە دەوڵەی ئیسلامی لە عیراق و سوریا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام و دەوڵەتی ئیسلامیش ناودەبرێت. داعش کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوەکەیە بە عەرەبی و، بۆ ئاماژە کردن بەو گروپە لەم توێژینەوەیەدا بەکاردێت.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکە، نزیکەی ٠٤٠٠ سودانی **پەناخوازو کۆچبەر**لە سوریا هەبوون، لەگەڵ نزیکەی ٢٤٠٠ پەنابەری سۆمالی و ١٧٤٠ی ئەفغانی. لە ٢٠١٢، IOM ئەوەی ڕاگەیاند کە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کرێکاری کۆچبەریشی لێیە، کە زۆربەیان لە ئەندونسیا، فلیپین و ئەسیوبیاوە هاتوون، لەگەڵ نزیکەی ١٥٠٠٠ کۆچبەری پێویست بۆ یارمەتی دەربازکرد، دوای ئەوەی خاوەن کارەکانیان دەستبەرداریان بوون، زۆربەی جاریش بەبێ دۆکیومێنتەکانی سەفەرو ناسنامە (IRIN، 2012).

# ٤ بارەکانی دووچاربوون بە بازرگانی بە کەسەکانەوە

ئەو توندوتیژیەی لە ٢٠١١ەوە زۆر پارچەی سوریای گرتەوە، لەگەڵ هەندێ ناوچە لە عیراق لە ناوەڕاستی ٢٠١٤ەوە، کاریگەری بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا هەبوو لەپاڵ ئەوانەی بە ڕێگەی لە ژمارەنەهاتوو بەرەو دەرەوە ڕایانکردووە، ئاڵۆزی ڕەوشەکەیان بە خودی شەڕو توندوتیژی کاریگەربووە، بەڵام کەوتوتە بەرکاریگەری **ئەو سیستەمە یاسایی و دامەزراوەییانەی کە دەبێ پیایدا تێپەڕبن** لە ناوەوەی سوریاو هەر چوار وڵاتی خانەخوێدا بۆ **دەستەبەری ڕەوشی یاسایی، گەڕان بەدوای دەرفەتی کارو وەدەستهێنانی داهات، گەیشتن بە یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان و، هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی یاسایی، ئەگەر لە قوربانیانی ڕەفتاری خراپ بن.**

بێئومێدی هەندێ لەو خەڵکە، کە ناتوانن بژێوی و خزمەتی پێویستیان دەستکەوێت بۆ خۆیان و خێزانەکانیان، بۆیەهیە ببێتە مایەی ئیستیغلالی ئەندامانی خێزانەکانیان. لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ڕتینەرو بازرگانەکان لەم پێڤاژۆیەدا هەر بەخۆیان نینلە ڕەوشی لاوازیدا، وەك هی دیکە کە خەڵکی لاواز دەرەتینن و بازرگانیان پێوەدەکەن وەکو شێوازێکی قازانجکردن لە شەڕدا. پەیوەندی نێوان لاوازی گشتی، دووچاربوون بەبازرگانی بەمرۆڤ و، خودی بازرگانیەکە، لە هێڵکاری ٤دا خراوەتە بەرچاو.

هێڵکاری ٤: لاوازی گشتی، دووچاربوون بەبازرگانی بەمرۆڤ و، کەیسەکانی بازرگانی



حاڵەتەکانی دووچاربوونی بازرگانی بە کەسەکان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەکەدا لە ٢٠١١ەوە بۆیەهیە وابەستەبێت بە **پێڤاژۆی گشتی مرۆیی** پەنابەرانی سوری یان ئاوارەکانی ناوخۆ، کە بۆتە هۆی هەژارکردنێکی توندو زەحمەتی هێنانەدی پێداویستی بنچینەییەکانی ژیان، سەرەڕای ڕێگری وسنووردارکردنی گەیشتن بە خزمەتگوزاریە بنچینەییەکانی وەکو نیشتەجێبوون، چاودێری تەندروستی و فێرکردن. یارمەتیدان لە پێشکەشکارانی یارمەتیەکانەوە هەموو کاتێك بەس نیە، بەهۆی کەموکوڕی سەرمایە دابینکردن و کۆتەکانی بەردەم گەیشتن بە پەنابەرانی تۆمارنەکراو، هەروەها ئاستەنگەکان لە دابەشکردنی یەکسانی یارمەتیەکان لە ناوەوەی سوریا. ئاوارە پەنابەرەکان ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبنەوە لە دانی کرێ، پێداویستی بنچینەیی نێوماڵ و، ئاوو ئاوەڕۆو خۆراك. هەروەها دەسکەوتنی چاودێری تەندروستی، فێرکردن و بژێوی. ئەمەش واتا ئەگەری کەوتنە ناو قەرز، یان تێوەگلان لە ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی ترسناك، کارکردن بەشێوەیەکی نافەرمی یان تێوەگلاندنی منداڵان لە کارو وەدەستهێنانی داهات.

هەروەها ئەو جۆرە ڕەوشانە لە **نەبوونی باری یاسایی، کۆتوبەندی سەر بارە یاساییەکان و ئاستەنگی لە تازەکردنەوەی باری یاساییەوە سەرهەڵدەدەن**، لەپاڵ ڕکابەریەکانی چوونە بەرکارو دەرفەتەکانی دیکەی دروستکردنی داهات لە هەر چوار وڵاتی خانەخوێی ژێر لێکۆڵینەوەدا. بڕگە یاساییە نیشتمانیەکان کە بەسەر دانیشتوانی وڵاتانی خانەخوێدا پیادەدەبن لە کەسانی هەڵاتوو لە شەڕی سوریا مۆرکێکی کاتییان هەیە، کە مانای وایە لە ماوەیەکی کورتدا پەنابەران ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبنەوە لە تازەکردنەوەی بارەکانی خۆیانداو، لە مەودای درێژدا لە نیشتەجێبوونی بەردەوام دڵنیانین و ڕێ بە پەنابەران نادات پلان بۆ وەبەرهێنانی ئایندەی خۆیان دابنێن. باری یاسایی پەنابەرانی سوری حوکمی گەیشتن بە یارمەتی مرۆڤایەتی، خزمەتگوزاری بنچینەییان دەکات – کە فێرکردنی منداڵانیش دەگرێتەوە -، لەگەڵ دەرفەتی ڕێکوپێك و یاسایی کارو ڕێگەکانی دروستکردنی داهات.

لە ڕاستیدا کارکردنی گەورەکان لە **بازاڕی کاری نافەرمیدا** ، لەبەر هەبوونی کار، قەبارەی بازاڕی نافەرمی و نەبوونی مۆڵەتپێدانی یاسایی بۆ کارکردن، دەیانخاتە ڕەوشێك کە زیاتر دووچاری ئیستیغلال و بازرگانی پێوەکردن ببنەوە. لە هەندێ باردا، کرێکار بە پارە نابێت بەڵکو مامەڵەکە بەرامبەر شتێکە، وەکو کارکردن بەرامبەر کرێ، یان بەشوودانی کچانی هەرزەکاریان بەرامبەر پاراستنیان لە دەرکردن. باری خراپی کار، کرێی نزم و پێشێلکاری دیکەی پەیوەست بە کارکردن لەناو سوریەکاندا باوە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا.

ڕەنگە پرسەکانی پاراستنی منداڵ وەکو **دەسکەوتنی فێرکردن، تۆمارکردنی لەدایکبوون و کۆچی منداڵانی دابڕاو لە کەسوکاریش** وا لە منداڵ بکەن پتر دووچاری مەترسی ببنەوەو، بەشداریش بێت لە **هاوسەرگیری زوو، کارگەری منداڵ و سواڵکردنی منداڵ**. سەرەڕای ئەوەی کە بارودۆخی مرۆیی و باری یاسایی نیشتەجێبوون و کارکردنی دایبابەکان کاریگەری بەسەر لاوازی منداڵاندا دەبێت. خەمڵاندنەکانی یونیسێف ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێك لە هەر دە منداڵی پەنابەری سوری لە وڵاتانی دراوسێی سوریادا لە کارکردنی منداڵان گلاون، کە ڕەنگە هەندێکیان بۆ ئەو مەبەستە ڕووبەڕووی بازرگانی پێوەکردن ببنەوە (یونیسێف، ئازاری ٢٠١٤).

مەترسی بازرگانیکردن بە ژنان و کچانیش کەوتۆتە بەر کاریگەری **توندوتیژی لەسەر بنچینەی سێکس و جێندەر**(SGBV) لە هەموو وڵاتانی خانەخوێی بەر لێکۆڵینەوەکە، هەروەك لەخودی سوریاش وایە. ئەو ڕەوشەش ئاڵۆزتردەبێت لەبەررووپۆشکردنی لە داوای یارمەتی لە دەسەڵاتەکان لە کەیسی لەمجۆرەدا. سەرەڕای ئەو خۆگرتنە لە باسکردن بە ڕاشکاوی، توندوتیژی لەسەر بنچینەی سێکس و جێندەر لەلایەن زۆر لە دیدارکراوان بۆ توێژینەوەکە ئاماژەی بۆ کراوە وەکو فاکتەری زیادبوونی دووچاربوونی کچان و ژنان بە بازرگانی پێکردنەوە (SY12).

نەبوونی پارێزگاری بۆ کەسانی بازرگانی پێوەکراو لەبەر بوونی **کەلێن لە بەرسڤی نەهێشتنی بازرگانی بە مرۆڤ**– خۆپاراستن، پارێزگاری و بەدواداچوونی دادگایی- هەروەها وا لە خەڵك دەکات زیاتر دووچاری بازرگانیکردن بە کەسەکان ببنەوە. ژمارەیەکی زۆر کەم لە بازرگانی بە ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەرانی سوریا لەلایەن دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی هەر پێنج وڵاتی ژێر توێژینەوەکەوە هاتۆتە تۆمارکردن. سەرەڕای ئەمەش، زۆر لە پەنابەرانی سوری دوودڵن لە سکاڵاکردن لەو تاوانانەی کە رووبەڕووی بوونەتەوە، وەکو بازرگانی پێوەکردن، بۆ پۆلیس، لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و کلتوری. ئەم دوودڵیەش پەیوەستە بە حەقیقەتی ئەوەی کە لە هەندێ جۆری بازرگانیکردن بە کەسەکان ئەو قوربانیەی کە هەواڵ دەداتە دەسەڵاتەکان بۆیهەیە بکەوێتە بەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری، لەجیاتی ئەوەی وەکو کەسێکی بازرگانی پێوەکراو بپارێزرێت.

**کۆتوبەندی رێگە یاساییەکانی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپاش**یەکێکە لە فاکتەرەکانی زیادبوونی دووچاربوونی پەنابەرانی سوری بە بازرگانی پێکردن، هەروەها زیادبوونی دووچاربوونیان بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤکە لەلایەن قاچاخچیانی کۆچبەرانەوە ئەنجامدەدرێت، لەپاڵ مەترسی دیکە کە لە رێگادا بەرەو دەرەوەی ناوچەکە دێتە رێیان. لەبەرئەوەی پەنابەرانی سوری مافی داواکردنی پەنابەرییان هەیە لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ناتوانن بە رێکوپیکی بچن بۆ وڵاتانی ئەو یەکێتیە، بۆیە پشت بە قاچاخچیانی کۆچبەران دەبەستن بۆ ئاسانکردنی گەشتەکەیان.

دوور لەو سوری و عیراقیانەی کەوتوونەتە بەر کاریگەری ئاوارەبوونی ناوخۆ و کۆچپێکردنی بەزۆر، **کۆمەڵگە خانەخوێکان**لە هەر چوار وڵاتی خانەخوێی ژێر توێژینەوەکەو **ئەو کۆچبەرانەی لە سوریابوون پێش هەڵگیرسانی شەڕ**ئەوانیش رووبەڕووی بازرگانی پێوەکردن بوونەتەوە لەبەر شەڕ، هەروەها بەهۆی رەوشەکانی پێشتری هەژاری و دوورخستنەوەی یاسایی و کۆمەڵایەتی. لوبنان بە شێوەیەکی تایبەتی کەوتۆتە بەر کاریگەری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رێژەی بەرزی پەنابەرانی سوری و فەلەستینی لەچاو دانیشتوانی خۆی. هەروەك هەندێ ناوچەی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی تورکیاو هەرێمی کوردستانی عیراق و، باکوری ئوردنیش ژمارەی زۆری سوریەکانی خزمی دانیشتوانی ناوچەکەی لەخۆگرتووە. ئەمەش کاریگەری بەسەر بازاڕی کاری ناوخۆ، نرخی کەرستە بەکارهاتووەکان، پرسە سیاسی و ئەمنیەکان و یارمەتیەکان هەبووە.

# ٥ کاریگەری لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە سوریا، تورکیا، لوبنان، ئوردن و عیراق

شوێنەواری شەڕو قەیرانی پەنابەران، دانانی خەڵك لە ڕەوشی زیادبوونی بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانیکردن بە کەسەکان، لە هەندێك حاڵەتدا بۆتە هۆی بازرگانی کرداری. هەرچەندە خودی ئەمە وەك زیادبوونی بەرچاو ڕەنگی نەداوەتەوە بۆ ناسینەوەی بازرگانیکردنی پەیوەست بە شەڕو قەیرانی پەنابەران لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە. سروشتی مێتۆدی توێژینەوەکەو سنورەکانی ڕێگەیان نەدا بۆ پۆلێنکردنی یەکجارەکی ئەو حاڵەتانەی کە بازرگانی پێوەکردنی کەسەکان پێکدەهێنن، کە لە هەر بارێکدا بۆیەهیە لە ڕێی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە بنیات بنرێت. بۆیە ئەم بەشە ئەو کەیسانە شیکاردەکات و دەخاتە ڕوو کە لەبەر ئەگەری بەهێزی ڕوودانی بازرگانیکردنەوە لێکۆڵینەوەی زیاتر بخوازن. شیکردنەوەکە بە نیشاندەرەکانی شێوازی جیاجیای بازرگانی بە کەسەکانەوە زانیاریداوە، شانبەشانی چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی پەیوەندیدارەوە.

ئەم **چوارچێوە چەمکگەرایە**لە خوارەوە لە هێڵکاری ٥ خراوەتەڕوو. دەبێ لە هێڵکاری ٥ تێبگەین بە هاوکاتی لەگەڵ هێڵکاری ٤ لە سەرەتای بەشی پێشوودا، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە هەندێك کەیسی تایبەت، حاڵەتەکانی لاوازی لە ئاست بازرگانیکردن بە کەسەکان چۆن دەتوانن نیشاندەرەکانی حاڵەتە ڕاستەقینەکانی بازرگانی دەربخەن، کە بە دەوری خۆی، لە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە، بۆیەهیە دەستنیشانبێت بۆ پێکهاتنی تاوانی بازرگانیکردن بە کەسەکانەوە.

هێڵکاری ٥: نیشاندەرەکانی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن




**سەرنج**: بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی نیشانە پیادەکراوەکان. بڕوانە: UNODC (٢٠١٣). نیشاندەری بازرگانیکردن بە مرۆڤ ILO (٢٠٠٩). نیشاندەرەکانی ئۆپەراسیۆنی بازرگانیکردن بە کەسەکان.

ئەو خەڵکەی کە بە فەرمی وەکو بازرگانی پێکراو ناسێنراون لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە لە ٢٠٠١ەوە زۆربەیان **خەڵکی سوریا، باکوری ئەفریقا، باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا**ن، هەرچەندە لە لوبنان، ئوردن و عیراق، هەروەها سوریاش، هاونیشتیمانیان وەکو **بازرگانی پێکراوی ناوخۆ**دەستنیشانکراون. زۆربەی ڕێگاکانی بازرگانی پێوەکردن کە لەدەرەوەی ناوچەکەوە دێن بەردەوامن و تارادەیەکی زۆر نەکەوتوونەتە بەر کاریگەری شەڕی سوریا. کەیسی واش راگەیەندراوە کە خەڵکی خەریك بە قاچاخچێتی کۆچبەران لە سوریاوە بۆ وڵاتانی خانەخوێ لە بازرگانی پێوەکردنی مرۆڤەوە گلاون.

ئامارە فەرمیەکان لەبارەی کەیسەکانی بازرگانیکردن کە لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە دەستنیشانکراون ئاماژە بە کاریگەری بچوك یا ساکاری شەڕی سوری دەکەن بەسەر بازرگانیکردن لە هەر پێنج وڵاتدا. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکانی سەرمێز و مەیدانی وێنەیەکی تەواو جیاواز پیشاندەدەن. ئاگادارکردنەوەکە لێرەدا بریتیە لەوەی کە حاڵەتە گریمانکراوەکانی بازرگانی کردن کە لە ڕێگەی توێژینەوەکان دیاریکراون یان لە ڕێگەی داتا ئاماریە فەرمیەکانەوە، لەلایەن کەسانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێ کردنی یاسا یان خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت وەکو حاڵەتی کرداری بازرگانی پێوەکردن دەستنیشاننەکراون. لەمەش زیاتر، بە پشت بەستن بە مێتۆدەکانی توێژینەوەی بازرگانی پێکردن و، نیشاندەرو ڕەگەزەکانی تاوانەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بە منداڵان شیکردنەوەیان بۆکراوە بە مەبەستی ڕۆشنایی خستنە سەر **ڕێژەیەکی گەورەی حاڵەتەکانی بازرگانی پێوەکردن کە هەرگیز نەبوونەتە جێگەی سەرنجی دەسەڵاتە بەرپرسەکان.**

هۆکار زۆرن کە دەسەڵاتەکان بەشداریان نەکردووە. لە سوریاو بەرادەیەکی کەمتریش لە عیراق پێداویستیەکانی شەڕ، شانبەشانی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی سوریا و سەروەری یاسا لەووڵاتەدا ئەوپەڕی کێشەو گرفتی خستۆتە پێش کۆکردنەوەی داتاکان. لەکاتێکدا کۆکردنەوەی داتا و دەستنیشانکردنی قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە وڵاتانی خانەخوێی ژێر توێژینەوەدا لە هەندێ باردا لەچاو قۆناغی سەرەتادا باشتربووە. بەتایبەتی بەهۆی دەرچواندنی یاساکانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و چاکسازیە یاسایی دامەزراوەیەکانی دیکە، گرفتەکان هێشتا لە ئاراداەن. لەمەش زیاتر، زۆر لە هەواڵدەرانی توێژینەوە ئاماژەیان بە هۆکارەکان کردوە کە بۆچی خەڵکی بازرگانی پێکراو کەیسەکانی خۆیان ناگەیەننە دەسەڵاتەکان، لەوانەش:

- ترسان لە دەسگیرکردن و هێشتنەوە ، یان دوورخستنەوە بەهۆی پۆلێنکردنی نادروست وەکو کۆچبەری نایاسایی یان ئەنجامدەری تاوانەکانی وەکو لەشفرۆشی و دەرۆزە؛
- شەرمەزارکردنی قوربانیانی هەندێك جۆری بازرگانی پێوەکردن لەلایەن کۆمەڵگەکانی خۆیانەوە؛
- نەبوونی بەدیلی داهاتهێنەر، کە کەسانی بازرگانیپێکراو والێدەکات کە پێیانوابێ ڕەوشیان تەنانەت خراپتر دەبێت ئەگەر لەدۆخی بازرگانی پێوەکردنەکە دەربهێندرێن.

بۆیە، لەپشتەوەی ئامارەکان سەبارەت بە خەڵکی بازرگانیپێکراو بازرگانە جێگومانەکان کە لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە دەستنیشان کراون ئەو زانیاری و داتایانە هەن کە دەست کەوتوون و شیکردنەوەیان بۆ کراوە بۆئەم توێژینەوەیە لەسەر ئیستیغلالو بازرگانی کردن بە منداڵان و گەوران، کە نەکەوتوتە بەر سەرنجی دەسەڵاتە حکومیەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێکردن. بەپێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، **شێوازەکانی خوارەوەی بازرگانی** دەستنیشان کراون لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەکەدا و هەریەکەیان لێرەدا بە نۆرەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەو ریزبەندیەی کە لێرە خراوەتە ڕوو مەرج نیە ڕەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی ڕێژەیی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ئاستی بەردەستبوونی داتا و زانیاریەکان لە میانەی ئەم توێژینەوەدا لەبارەی هەریەك لە شێوازە دیاریکراوەکانی بازرگانیکردن.




## ١. ئیستیغلالی سێکسی لە لەشفرۆشیدا

لەهەر پێنج وڵاتی ژێر توێژینەوەدا **ژنان و کچانی سوریا بە مەبەستی ئیستیغلالی سێکسی بازرگانیان پێوەکراوە.** لە هەموو ئەو وڵاتانەدا لەشفرۆشی نایاساییە و ئەو ژن و کچانەی بۆ لەشفرۆشی ئیستیغلال دەکرێن دەکەونە بەر مەترسی دەستگیرکردن و /یان دوورخستنەوە لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە (Harroff-Tavel&Nasri, 2013). لە تورکیا بۆ نمونە هەندێك لە خاوەن زەویەکان سکاڵایان لێکرابوو کە شوێنی مانەوە بێ کرێ دابین دەکەن ئەگەر ژنەکە بە لەشفرۆشی ڕازی بێت بەمەرجێك خاوەن مولکەکە سوودی دارایی وەربگرێت (TR21). هەواڵدەرێکی توێژینەوە لە سوریا ڕایگەیاند کە کچان و ژنانی سوری بەشێوەیەکی ئاسایی لەلایەن باوکیان یان مێردەکانیانەوە ئیستیغلال دەکرێن (SY09). هەروەها هەروەك لە وڵاتانی دیکەی ژێر توێژینەوە لە تورکیاش واباوە کەسی چەوسێنەر ئەندامێکی خێزانەکە بێت (TR26).ژنان و کچانی سوریاش کە بە مەبەستی ئیستیغلالی سێکسی بەرەو لوبنان بازرگانیان پێکراوە زۆرجار دووچاری هاوسەرگیری بەزۆر یان بە فێڵ دەبنەوە (LB48، LB05).

هەندێك پیاوان و کورانی سوریاش لە لوبنان بۆ لەشفرۆشی ئیستیغلال کراون. ڕێکخراوی مۆزایکی لوبنانی ناحکومی کە لە بواری کۆمەڵگەی هاوڕەگەزبازان کاردەکات، ڕایگەیاندووە کە لە ٢٠١١ەوە، نزیکەی ٨٠٪ی کەیسەکانی ئیستیغلالی بازرگانی سێکسی کەوا کاریان تێدا کردوە پەیوەستە بە سوریەکانەوە (LB17).

**هەروەها کچان و ژنانی عیراقیش راپۆرت کراون کە بە مەبەستی ئیستیغلالی سێکسی بازرگانیان پێکراوە** لە عیراق و لە سوریادا. لەوەتەی شەڕی سوریاو پێش ئەو وادەیەش، کچان و ژنانی پەنابەری عیراقی کە لەدوای شەری ٢٠٠٣ دژ بە عیراق بە سەرکردایەتی ئەمریکا بەرەو سوریا هەڵاتن بەمەبەستی بازرگانی لەرووی سێکسیەوە ئیستیغلال کراون.

بەچاوپۆشین لەو حالەتانەی کە بۆی هەیە رەگەز و نیشانەکانی بازرگانی بۆ ئیستیغلالی سێکسیان تێدا دەرکەوێبکەین، کەیسی ژنانی پەنابەری سوریش هەن کە لە لەشفرۆشی تێوەگلاون و تا ئێستا روون نەبۆتەوە کە ئیستیغلال لە ئارادایە، هەرچەندە لاوازی لە بەڵگەکاندا هەیە. سەرەڕای ئەوەش هەواڵدەران زۆرجار تێبینی ئەوەیان کردوە کە پێی دەگوترێت " **سێکس بۆ مانەوە**"، کە پێداویستی ئابووری زۆر پاڵی پێوەناون، یان دەستدرێژیکردنی سێکسی کە دژ بە سوریەکان ئەنجامدەدرێت (LB28).

## ٢. هاوسەرگیری بەزۆر

لە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین **سێ توێژی هاوسەرگیری بەزۆر**جودا بکەینەوە:

١. بازرگانیپێکردن بە مەبەستی هاوسەرگیری بەزۆر (واتە مەبەستی سەرەکی بریتیە لە بەدەستهێنانی قازانج لە خودی هاوسەرگیریەکەدا)

٢. بازرگانیپێکردن بە مەبەستیئیستیغلالی سێکسی، کە هاوسەرگیری تیایدا بەکاردەهێنرێت بۆ ئاسانکاری ئیستیغلالی سێکسی

٣. هاوسەرگیری زوو

دووەم توێژ لە چوارچێوەی بازرگانی بە مەبەستی ئیستیغلالی سێکسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، مەبەستی سەرەکی ئیستیغلالی سێکسیش لەشفرۆشیە، کە هاوسەرگیری بەزۆر وەکو ئامرازێك بەکاردێت. بۆ توێژی سێیەم، حاڵەتەکانی هاوسەرگیری زوو کە هاتوتە پێشمان مەرج نیە بازرگانی کردن بە منداڵان بێنێتە ئاراو وا پێویستە هەر حالەتێك بە تەنیا توێژینەوەی بۆ بکرێت.

توێژی یەکەم **بازرگانی پێوەکردن بە مەبەستی هاوسەرگیری بەزۆر زۆر روون و ئاشکرایە**لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەو شێوازی نارێك و کورت مەوداو هاوسەرگیری کاتی (موتعە) دەگرێتەوە یا هاوسەرگیری گەشتیاری (میسیار). ئەوانە کچ و ژنی گەنج دەکەنە ئامانج و، جۆرێکە لە گەشتیاری سێکسی. توێژینەوەکە دەریخستووە کە پیاوان لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەو وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو[٨] خزمەتگوزاری «بەربووك» بەکاردەهێنن بۆ رێکخستنی هاوسەرگیری کاتی لەگەڵ ژن و کچانی پەنابەری سوری، بۆ مەبەستی هەبوونی پەیوەندی سێکسی لەگەڵیاندا. سەرەڕای ئەمە، ئەو حالەتانەش بەرچاوکەوتوون کە هاوسەرگیری بەزۆر لەخۆدەگرێت لەنێوان کچانی سوری و هاوڵاتیانی وڵاتانی ژێر توێژینەوە، کە لە هاوسەرگیری کاتیەوە نەگلاون. ئەنجامدەرانی بازرگانی بە مرۆڤەوە بۆ هاوسەرگیری بەزۆر زۆربەیجار ئەندامانی راستەوخۆی خێزانەکەن.

٨ ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو پێکهاتووە لە بەحرێن، کوێت، قەتەر، عومان، سعودی عەرەبی و شانشینی عەرەبی یەکگرتوو.

هەندێك هاوسەرگیری بەزۆریش لەلایەن پیرەژنانی خێوەتگاکانی پەنابەرانەوە ئاسانکاریان بۆ کراوە، هەندێ ژنان و کچانی سوری بەزۆر دراون بە ئەندامانی گروپە ئیسلامیە چەکدارەکان لە بەرامبەر بڕێك پاراستن یان برە پارەیەك بۆ خانەوادە هەژارەکانیان (SY01; Qiblan & Hammoud, 2 October 2015) لە هەندێ هاوسەرگیری زوودا، جیاوازیەکی بچوکی تەمەن هەیە لەنێوان بووك و زاوادا، کەچی لە هەندێکی دیکەدا، جیاوازی تەمەن زۆر بەرچاوە. گرنگە کە ئەو جیاوازیانە هێڵیان بەژێردا بهێنرێت چونکە هۆکاری ئەوەی خانەوادەکان کچەکانیان لە تەمەنێکی بچوکەوە بەشوو بدەن بەپێی «جۆری» هاوسەرگیریەکە دەگۆڕێت (LB17، LB25، سکوڵی هارچارد بۆ تەندروستی گشتی، ٢٠١٤). بوونی جیاوازی تەمەنی زۆر باوترە **بەرامبەر برە پارەی زۆر**بۆ رادەستکردن (LB25).“

## ٣. ئیستیغلالی کار

کێشەی سوریاو قەیرانی پەنابەران بۆتە هۆی زیادبوون لە **بازرگانیکردن بە مەبەستی ئیستیغلالی کار، هەروەها بارودۆخی چەوسێنەرلە کاردا**، کە پیاوو ژن و منداڵی ئاوارە پەنابەری سوری تێیکەوتوون. هەندێجار منداڵان پێکەوە لەگەڵ ئەندامە گەورەکانی خێزان دەچەوسێنرێنەوە یا رووبەڕووی بارودۆخی چەوسێنەر دەبنەوە. پیاوو ژن و منداڵانی سوری ئیستیغلال دەکرێن بە تایبەتی لە کشتوکاڵ، کاری کارگەو خزمەتگوزاریدا. لە کشتوکاڵدا، لەلایەن خاوەن کێڵگەکان و سەرکارەکان[٩] کە سەرپەرشتی کاری کێڵگەکە دەکەن، دەچەوسێنرێنەوە. خاوەن کێڵگەکان زەویش بەکرێ دەدەن بۆ نیشتەجێبوون و رەنگە هەڕەشەی دەرکردن بکەن بۆ ناچارکردنی کۆمەڵگە بۆ کارکردن لەژێر رەوشی چەوسێنەردا.

توێژینەوەیەکی تازە دەریخستووە کە **خراپترین شێوەکانی کارپێکردنی منداڵان** لە سوریا بەرچاو کەوتووە کە کێشەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی منداڵانی لە کارە قورسەکاندا زیادکردووە. لە ناوەوەی سوریا، بە شێوەیەکی سەرەکی کوڕان، بەڵام هەندێ کچیش، لە کاری دەستی قورسدا توشی چەوساندنەوە هاتوون بۆ چەندین سەعاتی درێژ لە کارگەکان، کاری میکانیکی و لە کێڵگەکاندا، کە بۆتە هۆی پێگەیاندنی زیانی بەرچاو بە تەندروستی، خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانیان (یونیسێف، ٢٠١٤). خراپترین شێوەی کاری منداڵ، ئیستیغلالی کارپێکردنی منداڵ و ئیستیغلالی منداڵان لە رێگەی سواڵکردنەوە بۆتە کێشەیەکی هەستپێکراو لە سوریا هەر لە ساڵی ٢٠١١ەوە (SY04). هەروەها لە وڵاتە خانەخوێکاندا، منداڵانی سوری لەشەقامەکانداو لە کۆکردنەوەی خاشاك، لە کشتوکاڵ، لە کەمپەکانی پەنابەران، لە گواستنەوەی کەلوپەل، بیناسازی، فرۆشتن لە شەقامەکان و کاری هاوشێوە لە قاوەخانەکاندا دەچەوسێنرێنەوە. لە هەندێ ژینگەی کاردا، منداڵ فێری هەندێ دابو نەریت دەبن کە زیان بەتەندروستیان دەگەیەنێ (JO15، JO06، JO12).

## ٤. خزمەتکردن لە ماڵاندا

هەر لە پێش و لەوەتەی کێشەی سوریا دەستیپێکردووە، **رەخنە ئاراستەی سیستەمی کەفالە کراوە** کە حوکمی کارکردن و کۆچی کارگەرانی ماڵی بیانی لە سوریا، لوبنان و ئوردن دەکات، هەروەك لە وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداویش. دۆزی هاوشێوە لەگەڵ سیستەمی عیراقیش بۆ بەڕێوەبردنی کۆچی کرێکارانی ناوماڵ بەدیکراوە. وەزیری ناوخۆی عیراقیبەمدواییە رێنمایی دەرکرد بۆ بەشداری لە چارەسەری ئەمەدا (IQ17). کاریگەری شەڕی سوریاو قەیرانی پەنابەران بەسەر ئەم شێوازەی بازرگانیەوە لەوپەڕی نزمیدابوو، چونکە هێشتا بەردەوامە بە تایبەتمەندی و سیمای هاوشێوەی خەڵکی بازرگانی پێوەکراو. لەلایەکی دیکەوە لە تورکیا بە مەبەستی خزمەتکاری ماڵان وا هەستی

٩ سەرپەشتیار یان فۆرمانی کێڵگەکان

پێنەکراوە کە بووبێتە کێشەیەکی پەیوەندیدار.

لە واقیعدا، **ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ئەفریقا کە لەلایەن باڵیۆزخانەکانیانەوە دەربازنەکرابوون، لە سوریا گیریان خواردبوو،** هەندێکیشیان دەستگیرکرابوون و وەکو کۆچبەری بێ بەڵگەنامە لەلایەن دەسەڵاتەکانی سوریاوە راگیرابوون. لە سوریا مانەوە چونکە نەیانتوانی پەیوەندی بە باڵیۆزخانەکانیانەوە بکەن، یان نەیانتوانی بەبێ پاسپۆرت دەرباز بکرێن، کە لەلایەن خاوەن کارەکانەوە یان دەزگانی بەکارخستنەوە لێیان زەوتکرابوو (SY03).

## ٥. ئیستیغلال لە رێگەی سواڵکردن

بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی بەر توێژینەوە، هۆشیاریەکی کەم بەرامبەر ئیستیغلال لە رێگەی سواڵکردنەوە هەبوو وەکو شێوازێکی گریمانەکراوی بازرگانی پێوەکردن. لەناو سوریا، زەحمەتە ئەوە دەستنیشان بکرێت ئەو راپۆرتانەی کە **ژمارەیان لە زیادبوونە لە نێو ژنان و منداڵان و کەسانی خاوەن پێداویستی دەرۆزە تێبینی کراوە**لە ناوچەکانی بەردەستی رژێم و ئەوانەش کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە کۆنترۆڵکراون بازرگانیان پێوەکراوەو چەوسێندراونەتەوە یان لە سواڵکردنەوە گلاون لەسەر بنچینەی تاك یان خێزان. هەروەها ئەگەری دەستکەوتنی زانیاری ورد لە ئارادا نیە لەبارەی ئیستیغلال کردن لە رێگەی سواڵکردنەوە لە تورکیا، کە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ قەیرانی سوریا روو لەزیادبوونە. لە ئوردن بە شێوەیەکی گشتی وا پێدەچێ کە سواڵکردن ئیستیغلالی نەبێت بەڵام زیاتر لە پێداویستی ئابوری سوریەکانەوە پاڵنەربێت. بە هەمانشێوە، لە عیراق، هیچ توێژینەوەیەك بەردەست نیە کە بە وردەکاری زیاترەوە لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکانی سواڵکردن بکات (IQ12). لەگەڵ ئەوەشدا هەنێك لە دیدارکراوان هێشتا وادەدەنێ کە بازرگانی پێوەکردن و ئیستیغلال کردنی ژنان،منداڵان، خاوەن پێداویستیەکانی سوری لە هەندێ حاڵەتدا لە ئارادان.

## ٦. ئیستیغلال لە کێشە چەکداریەکاندا

زۆر لە کەیسەکانی تێکەوتنی منداڵان لە کێشە چەکداریەکان بازرگانی پێکردنی منداڵان پێکدەهێنن لەبەر بوونی بەڵگە لەسەر بە سەرباز گرتنیان. ژمارەیەك بەڵگەنامەی فەرمی و راپۆرت لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەڵگەیان پێشکەشکردووە **لەسەر ئیستیغلال کردنی منداڵان لەلایەن لایەنە چەکدارەکانەوە** لە پارێزگا سوریەکانی حەلەب، حومس، حەما، رەققە و دەرعا، بە بەرەی نوسرە، داعش و یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە)یشەوە. هێزە چەکدارەکانی رژێم و میلیشیا هاوپەیمانەکانی؛ بەرەی نوسرە؛ داعش بە دیاریکراوی ئیستیغلالی کوران دەکەن، لەکاتێکدا یەپەگە کورو کچان ئیستیغلال دەکات (SY07، SY08، SY12، ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤، ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٥ی شوباتی ٢٠١٥؛ هیومەن رایتس وۆچ، ١٥ی تەموزی ٢٠١٥؛ ئەڤانیش، ١٦ی تەموزی ٢٠١٥).

**منداڵان وەکو سەرباز، هەواڵهێن، جەللاد، زرێی مرۆیی، خۆکوژ بۆ بینینی رۆڵی پشتیوانی یدکە ئیستیغلال کراون**لە سوریاو لە عیراق (ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٥ی شوباتی ٢٠١٥؛ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤). لە هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ نمونە، یەکێ لە سێ منداڵ لە بەسەربازگرتن بۆ کێشە چەکداریەکان نزیکبۆتەوە (یونیسێف و رێکخراوی رزگارکردنی منداڵان، ٢٠١٥). شێوازی دیکەی ئیستیغلال پەیوەندی بە کێشەی پەیوەست بە **رفاندن و بردنی بارمتەکان، بەکارخستنی میلیتاری بەزۆر**ەوە هەیە.

## ٧. کۆیلایەتی سێکسی و هاوسەرگیری بەزۆر لەلایەن داعشەوە

لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤و ٢٠١٥، شێوەی زۆر توندوتیژی بازرگانی بە مرۆڤی ئەنجامدا، لەوانەش **بەکۆیلەکردن، هاوسەرگیری بەزۆرو ئیستیغلال لە کێشە چەکدارەکان، بە تایبەتیش خەڵکی یەزیدی لە عیراق** کردبوو بە ئامانج. ئەمە بەدوای راکشانی سەربازی گروپەکە بوو بەسەر چەند پارچەیەکی باکوری رۆژهەڵاتی سوریاو باکوری رۆژئاوای عیراق. یەکێك لەوانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە لە عیراق دیداریان لەگەڵدا کراوە، کە بەخۆی ئەندامێکی تایەفەی یەزیدیە لە عیراق، زانیاری وردی پێداین لەبارەی بازرگانی پێکردنی داعش بە یەزیدیانی عیراق، هەروەها بە وردی رووداوەکانی دۆکیومێنت کردبوو (IQ14).

## ٨. بەکوڕکردنی نایاسایی

دیداری زۆربەی هەواڵدەران بە نزیك باسی بازرگانیکردن بە منداڵان بە مەبەستی بەکوڕکردنی نایاساییدا نەهاتوون. لەگەڵ ئەمەشدا، **ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی پەنابەری تەنیاو تازە لەدایکبووە تۆمارنەکراوەکان** لەنێوان سوریەکاندا بە نیشاندەری لاوازیی ئەو منداڵانە دادەنرێت لە ئاست بازرگانیکردن بە مەبەستی بەکوڕکردنی نایاسایی. هەروەك پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە بەکوڕکردن بە گشتی لە دەرەوەی خێزانێکی گەورەدا باو نیە لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەکەدا، جگە لە کۆمەڵگە مەسیحیەکانی لوبنان (ستۆگتۆن،٢٠١٣).

## ٩. دەرهێنانی ئەندام

**بەڵگەی کەم هەیە لەسەر بازرگانیکردن بە مەبەستی دەرهێنانی ئەندامەکان** لە وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا، جگە لە کەیسێکی پەیوەست بە سوریەکان لە تورکیا. لەلایەکی دیکەوە بازرگانیکردن بە مەبەستی دەرهێنانی ئەندامەکان جێگەی بایەخێکی تایبەتە بۆ کەسانێك ــ زۆربەیان فەلەستینین لە سوریا ــ کە قاچاچی کۆچ بەکاردێنن بۆ کۆچکردن بەرەو ئەوروپا لە رێگەی سودان و لیبیاوە، کە بۆیەهیە لە بیابانی رۆژئاوا لە سودان و لیبیا بڕفێندرێن و ببنە قوربانی بازرگانیکردن بە مەبەستی دەرهێنانی ئەندامەکان.

## ١٠. ئیستیغلال کردن بۆ چالاکیەکانی تاوانکاری

بە هەمانشێوە، **بەڵگەی کەم لەسەر بازرگانیکردن بە مەبەستی ئیستیغلال کردن بۆ چالاکیەکانی تاوانکاری** لەچاو ئیستیغلال کردن لە ململانێ چەکداریەکاندا دەستکەوتوون. لەگەڵ ئەوەی کە مایەی ئاماژەپێدانە کە لەشفرۆشی لە هەر پێنج وڵاتی ژێر توێژینەوەدا نایاساییە (بە حوکمی دیفاکتۆ لە لوبنان)و، لە هەموو ئەو وڵاتانە جگە لە تورکیا، سواڵکردن بە تاوان دادەنرێت. هەرچەندە نیشاندەر هەبوون کە هەندێ سوری لە چالاکی تاوانکاریەوە گلاون، مومکین نەبووە کە ئەوە دیاریبکرێت ئایا ئیستیغلال کردن هەبووە. یەك حاڵەت هەبووە لە کەیسێك کە لەلایەن هەواڵدەرێکەوە باسکراوە بۆ توێژینەوەکە لە لوبنان، کە هەندێ منداڵی دەستنیشانکردووە کە بۆ فرۆشتنی نایاسایی تلیاك ئیستیغلال کراون لەلایەن بازرگانانی تلیاکی لوبنانی و فەلەستینی (LB31).

توێژینەوەکە دەریدەخات کە هەر پێنج وڵاتی ژێر لێکۆڵینەوە هەوڵی بەرچاویانداوە بۆ بەرسقی ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران. لەپاڵ ئەوەشدا، حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە کەسەکان و، سروشت و قەبارەی دووچاربوون بە بازرگانی پێوەکردن، کەوتۆتە بەر کاریگەری لە چەند روویەکەوە. ئەو کاریگەریانەش بە شێوەیەکی بەشەکی پەیوەستن بە **قەبارەی گەورەی ئاوارەبوون** و بەشێکیش بە **پێڤاژۆی یاسایی، سیاسەتەکان، ئەمنی و کۆمەڵایەتی ئابوری** لەو پێنج وڵاتەدا.

هەندێ خاڵی لاوازی و حالەتی بازرگانی پێوەکردن تایبەتە بە پێڤاژۆی شەڕی سوریاو جوڵەی پەنابەران لە ٢٠١١ەوە، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە پەیوەستن بە زۆر شەڕو رەوشی پەنابەری دیکە، یان لە راستیدا، لەو وڵات و هەرێمانەدا دەرکەوتوون کە کاریگەری شەڕ یان ئاوارەبوونی بەکۆمەڵیان بەسەروە نەبووە. بە رەچاوکردنی ئەوەی کە گفتوگۆکان، لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی سیاسەتەکان لەبارەی پەنابەران، بازرگانی پێوەکردن، کۆچ لە پێڤاژۆی قەیرانەکان و بابەتە پەیوەندیدارەکانی دیکەن، ئەنجامگیریەکان لێرە تەنیا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە دەردەخەن. شوێنەواری دەرەنجامەکان بۆ بەرسقی بازرگانی پێوەکردن و خاڵە لاوازەکانی دووچاربوون بە بازرگانی، بە راسپاردە دیاریکراوەکانیشەوە، بە درێژی لە قۆناغی بڵاوکردنەوەی ئەم پرۆژەیەدا گفتوگۆدەکرێن (نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦).

## ئیستیغلال و بازرگانیکردن بە کەسەکان

وەکو باوە نمونەی تاوانی رێکخراوی کلاسیکی بۆ تێگەیشتنی تەواوی رەوشی کرداری کەسانی بازرگانی پێوەکراو یا ئەوانەی دووچاری بازرگانی پێوەکردن دەبنەوە لە پێڤاژۆی ململانێی سوریدا شیاو نیە. لە راستیدا شێوازی زۆر توندوتیژی ئیستیغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن روویانداوە، کە لە لایەن تۆڕی تاوانکاری لە ئاستێکی بەرزی رێکخراویدا ئەنجامدراون، بەڵام **باوترین جۆری ئیستیغلال کردن لە نزمترین ئاستدایە، کە پەیوەستە بە باوکان، دایکان، مێردەکان، خێزانی گەورە، ناسیاران و دراوسێکان.** لەراستیدا زۆربەی جار هۆکارەهەن کە وا لە خێزان دەکەن هیچ بەدیلێکی دیکەیان نەمێنێ بۆ مانەوە لە ژیان لەو حالەتانەی کە دەکرێ بە ئیستیغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن پێناسە بکرێت بەپێی یاسای نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

---

خراپترین شێوازەکانی کارکردنی منداڵان، بازرگانی پێوەکردنی منداڵان بە مەبەستی ئیستیغلال کردن بۆ کار، ئیستیغلال کردن لە رێگەی سواڵکردن و بازرگانی پێوەکردن بۆ ئیستیغلالی سێکسی کاریگەریان هەبووە بەسەر خەڵکی وڵاتانی ژێر توێژینەوە پێش شەڕ، بەڵام ئێستا **لەنێو سوریەکاندا زیادیکردووە.** بەتایبەتی لە حالەتی ئیستیغلالی سێکسیدا، جێگۆڕکێی کاریگەری دیاریکراو بەرچاوکەوتووە، بەرامبەر ئیستیغلال کردنی ژنان و کچانی سوری بۆ لەشفرۆشی، بەر لە بازرگانیکردن بە کەسانی سەربە رەگەزنامەی دیکە بۆ ئەم مەبەستە. کارکردنی منداڵان و سواڵکردنی منداڵان کاریگەر بووە بە واتای ئەوەی کە بارودۆخەکان ناخۆشتربوون، لەپاڵ پێشێلکاری جدیتری مافەکانی منداڵ. ئەو دیاردانەش بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بوون.

---

**هەندێك شێوازی دیکەی بازرگانیپێکردن دەرکەوتوون کە راستەوخۆ بە شەڕەوە پەیوەستن.** ئەمەش بریتیە لە حاڵەتی بازرگانی پێکردن لە لایەن داعشەوە بۆ کۆیلایەتی سێکسی، هاوسەرگیری بەزۆرو ئیستیغلال کردن لە کێشە چەکدارەکانداو، هاوسەرگیری بەزۆر و ئیستیغلال کردن لە کێشە چەکدارەکاندا لە لایەن لایەنەکانی دیکەی شەڕی سوریا.

---

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە **بازرگانی پێوەکردن دیاردەیەکی سنوور بەزێن نیە کە پەیوەندی هەبێت بە خودی جووڵەی کۆچەوە**، سەرەرای ئەوەی کە بازرگانی پێوەکردنی سنووربەزێن لە هەندێك حاڵەتدا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی، شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن دەکەونە بەرچاو کە ئەو خاڵە لاوازانە بە ئامانج دەگرن کە لە ئەنجامی دوای ئاوارەبوونەوە سەر هەڵدەدەن، لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی بازرگانی پێوەکردن کاتێ ئاوارەکانی ناوخۆو پەنابەران پێشوەختە لەناو کۆمەڵگا خانەخوێیەکاندا بوونیان هەیە.

---

سەرەرای ئەمەش ، **هەموو شێوازەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ نەکەوتوونەتە بەر کاریگەری قەیرانەکانی سوریا**. لە واقیعدا بازرگانی کردن بە کۆچبەران –کە زۆربەیان ئافرەتن- بۆ ئیستیغلال کردن لە خزمەتکاری ناوماڵان بەردەوامەو، تەنیا بەشێوەیەکی کەم کەوتۆتە بەر کاریگەری قەیرانی پەنابەران لە وڵاتانی خانەخوێدا. تەنانەت لە ناوەوەی سوریاش لەوەتەی دەستپێکی کێشەکە لە ٢٠١١، هەندێك کۆچبەری کرێکاری ماڵان بۆ خزمەتکاری ناوماڵ ئیستیغلال کراون.

---

ئەو قازانجانەی کە دەست بازرگانان و ئیستیغلالکاران کەوتوون هەموو کاتێك سوودی دارایی نەبوون.بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا تێبینی کراوە، کە منداڵ یا گەورە **بەرامبەر بە مامەڵەی عەینی ئیستیغلال کراون**.

---

سەرەرای دەرەنجامە ئەزموونیەکانی توێژینەوەکە کە چەندین حاڵەتی زۆری بازرگانی پێوەکردن هەن کە ئەنجامی شەڕەکەن، **سوریەکان لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە وەکو قوربانی بازرگانی پێوەکردن دەستنیشان نەکراون**، زیاتر لە نزمترین رادەوە.

---

## حاڵەتەکانی دووچاربوون بە بازرگانی کردن بە کەسەکان

فاکتەری بنچینەیی باو کە لە حاڵەتەکانی بازرگانی پێوەکردن بەشدار دەبێت، سەرەرای دووچاربوون بە بازرگانی کردن، بریتیە **لە ئاڵۆزیەکانی پەیوەندیدار بە باری یاسایی لە وڵاتانی خانەخوێداو، پەیوەست بە رێپێدانی یاسایی کارکردن**. زۆربەی جار ئەمە دەبەسترێتەوە بە نەبوونی دەرفەتی کارو ئەگەرەکانی دیکەی دروستکردنی داهات، لە سوریاشدا ئەم بایەخە ئامانجی باڵایە.

---

- **زۆربەی هەرەزۆری سوریەکان لە خێوەتگا فەرمیەکانی ئاوارەو پەنابەراندا ناژین**، ئەمەش کاریگەری هەیە بەسەر دەستکەوتنی یارمەتیە مرۆڤایەتیە بنچینەییەکان و خزمەتگوزاری دیکەی وەکو فێرکردن، نیشتەجێ بوون، مەشقی پیشەیی و چاودێری تەندروستی.

---

- **کۆمەڵگا خانەخوێیەکانیش کەوتوونەتە بەر کاریگەری**شەڕ و ئاوارەبوون، بەتایبەتی ناوچەکانی ناوەوەی هەروڵاتێك کە پێشوازی لە رێژەی بەرزتری ئاوارەی ناخۆو پەنابەران کردووە.

---

- **پرسی زۆری پەیوەست بە پاراستنی منداڵ**هەیە کە لە پێڤاژۆی ململانێ و قەیرانی پەنابەران دێنە ئارا، بەتایبەتی مانەوەی منداڵان لە دەرەوەی قوتابخانەکان و نەبوونی تۆماری لەدایك بوون، کەوایان لێدەکات زیاتر بکەونە بەر مەترسی بازرگانی پێوەکردن.

---

- هەندێ لە پەنابەر و ئاواران دەستیان بە جوولە کردووە بەرەو وڵاتانی دەرەوە ، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. لەکاتێکدا کە تائێستا لە چوارچێوەی پێنج وڵاتەکەدان، پێویستی دانی برە پارەیەکی زۆر –کە رەنگە بیانخاتە ژێر قەرزەوە- بۆ ئاسانکارانی جووڵەی ناوخۆو قاچاخچیانی کۆچ خەڵکەکە ناچار دەکات پەنا ببەنە بەر شێوازی مەترسیدار بۆ دەستکەوتنی ئەو پارەیە، کە ئەمەش رووبەرووی بازرگانی پێوەکردنیان دەکاتەوە. **یەك لە مەترسیە سەرەکیەکان بریتیە لەوەی کە ئاسانکاری جولەی ناوخۆ یان قاچاخچێتی کۆچبەران بۆی هەیە بگۆڕێت بۆ بازرگانی کردن بە کەسەکانەوە**.

---

- شەڕ و دەربەدەری بوونەتە مایەی **لاوازیەکی زیاتر بۆ کۆچبەر و ئاوارەکان**کە پێشتر barودۆخیان مەترسیداربوو بەر لە ساڵی ٢٠١١و لە کاتی هەڵگیرسانی شەردا لە سوریا بوون، لەوانەش:

  - پەنابەرانی فەلەستینی لە سوریا؛
  - پەنابەرانی عیراقی؛
  - کەسانی بێ رەگەزنامە؛
  - پەنابەران لە بنەرەتی دیکە بەتایبەتی لە ئەفغانستان، سودان و سۆماڵ؛
  - کۆچبەرانی کرێکاری ناوماڵ لە باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ئەفریقا.

---

- دەرەنجامی سەرەکی توێژینەوە بریتیە لەوەی کە **شوێنەواری شەڕو رەوشی پەنابەران بەسەر بازرگانی کردن بە کەسەکانەوە بەهۆی نەگەیشتنی کەسانی بەر کاریگەریەکە بە پێداویستیە بنچینەییەکانیان پاڵنراوە**، وەکو رەگەزی سەرەکی نەبوونی چارەسەری بەردەوام بۆ پەنابەر و ئاوارە سوریەکان.

---

پێویستی هەیە **بۆ بازدانێکی جۆری لە چۆنیەتی تێروانینی بازرگانی پێوەکردن، پەنابەری، کۆچ و سیاسەتەکانی پاراستنی منداڵ لەوەی کە پەیوەستە بە دەستکەوتنی پارێزگاری**. لەکاتێکدا کە داڕێژەرانی سیاسەت و جێبەجێکاران رەنگە خۆیان وا بێتە بەرچاو کە لە بواری جیاجیادا کاردەکەن، لەسەر بابەتی تایبەت، مرۆڤی بەر کاریگەری ئەو سیاسەتانەش هەمیشە ناکەونە بەر یەك توێژی دیاریکراوو روونن. هەوڵەکان دەبێ پێکەوە گرێبدرێن و جەخت بکەنە سەر پێشکەشکردنی پێداویستیە بنچینەییەکان و ساخلەمی خەڵکی ئاوارە لە سوریاوەو لە ناوەوەی سوریا. سەرەرای ئەوەش کاریگەری کەڵەکەبوو هەیە لەوەی کە تا شەڕ بەردەوام بێت پاشەکەوتی خەڵك و داهات لە فرۆشتنی موڵك و ماڵ کەم دەبێتەوە لە کاتێکدا کە «ماندووبوونی بەخشەران» دەبێتە هۆی ناتەواوی دابینکردنی دارایی بۆ یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان وتەنانەت دووچاربوونیان بە بازرگانی پێوەکردن و پێشێلکاریەکانی دیکەی مافەکان روو لە زیادی دەکات.

هەروەها بازرگانان و ئیستیغلالکاران ئەو خاڵە لاوازانە دەکەنە ئامانج لە پێناو سوود و قازانج لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، **بۆیە داڕێژەرانی سیاسەت و جێبەجێکاران دەتوانن بە رێگەیەکی ئیجابی ئەو لاوازیانە بکەنە ئامانج، باریان سووك بکەن بۆ رێگرتن لە بازرگانیپێکردن**، ئیستیغلال کردن و چەوساندنەوەی دیکە. ئەمەش رەنگە بەشداربێ لە زیادبوونی خۆڕاگری خەڵکی، پێدانی بەدیلی وا کە تەنیا «هەڵبژاردە کەمتر خراپەکان» نەبێت و دەستەبەر کردنی پێداویستیەکانیان بۆ مامەڵەی چاکتر لەگەڵ نەهامەتیەکانی توندوتیژی و ئاوارەبوون.

لەبەرئەوەی تواناکانی نەهێشتنی بازرگانی کردن بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتۆتە بەر کاریگەری شەڕی بەردەوام و کێشە پەیوەندیدارەکان لە سوریاو عیراق و، لەبەر ئەوەی وڵاتانی خانەخوێ بەدەست گەیشتنی گرووپی گەورەی خەڵکی هەڵاتوو لە سوریا دەناڵێنن ، ئەم ڕاسپاردانە بە پلەی یەکەم چارەسەری دووچاربوون بە بازرگانی پێکردن دەکەن و لە کاری مەودا کورت و ناوەڕاست بۆ مەودای درێژ پێشنیازدەکات لەپێناو وەدیهێنانی پێداویستیەکانی قوربانیە دیاریکراوو دیارینەکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن، هەروەها خەڵکانی دیکەی بەر مەترسی بازرگانی پێوەکردن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتانی ژێر توێژینەوەدا. جەخت کردنی بنچینەیی بریتیە لە **ڕێگرتن لە بازرگانی پێوەکردن و چارەسەری خاڵە لاوازەکانی بازرگانی پێوەکردن**. لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستنی خەڵکی بازرگانیپێوەکراوو و ڕاوەدونانی تاوانکارانیش جێبایەخی سەرەکیە و ڕاسپاردەی لەمبارەیەوەش خراوەتە ڕوو.

لە هەرکوێ بکرێ، سوریەکان و کۆمەڵگە کارتێکراوەکانی دیکە دەبێ ڕاستەوخۆ لە جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە بەشداربن.هەروەك دەبێ لەکاتی پێویست کۆمەڵگە خانەخوێکان ببنە جێبایەخی پێشنیاز و سیاسەتەکان چونکە ئەوانیش کەوتوونەتە بەر کاریگەری هەندێك خاڵی لاوازی دیاریکراو. مەبەست لەو ڕاسپاردانەی کە لە خوارەوە خراونەتە ڕوو **ئەوە نیە کە گشتگیر بێت** لە بەرسقی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە.دوای بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە دەرەنجامەکانی توێژینەوەو ڕاسپاردەکان بڵاودەکرێنەوە و لەگەڵ بەشدارانی توێژینەوەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە گفتوگۆ دەکرێن. ڕاسپاردەکان دەگونجێندرێن و بۆیان زیاددەکرێت لە میانەی زنجیرەیەك وێرکشۆپی بڵاوکردنەوەدا. بەمجۆرە دەبێ وەکو کارێك لە کاتی جێبەجێکردندا سەیری بکرێت، بۆئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦دا تەواو بێت.

## ڕاسپاردهكان

### ١. چارهسهری بازرگانی پێوهكردن له ئاستێكی نزمدا

**كورت مهودا:** دهبێ سهرهتا خێزانهكان پشتگیریان بكرێت بۆ دهرچوون له حالهتهكانی لاوازی زۆرو بێهیوایی، بهر له هژمارکردنی ئهندامانی خێزان وهکو ئهنجامدهری تاوانی ترسناکی بازرگانیکردن به کهسهکان. خهڵکی بهر کاریگهری شهڕ دهبێ بهدیلی شیاو بۆ جێبهجێکردنیان پێشکهش بکرێت بهر امبهر به ئیستیغلال کردن یان ئیستیغلال کران. ئهندامانی دهرهوهی خێزان که له ئیستیغلال کردنهوه گلاون دهبێ لێکۆڵینهوهیان لهگهڵدا بکرێت و سزابدرێن.

**ناوهڕاست تا درێژ مهودا:** دهبێ له کاتی دارِشتنی ستراتیژهکانی و سیاسهتهکانی نههێشتنی بازرگانی کردن به مرۆڤ تیشکۆ بخرێته سهر لاوازی، لهپاڵ دهستپێشخهری به ئامانجگیراو بۆ بنیاتنانی دانیشتوانی خۆڕاگر بهرامبهر دووچاربوون به مهترسی. ئهمهش له ههر پێڤاژۆیهکدا پێویستی به ههڵسهنگاندنی فاکتهرهکانی لاوازی ههیه لهسهر بنهمای بهڵگهکان، بۆ بنیاتنانی بنچینهی زانین.

## ٢. دەستنیشانکردنی بازرگانی بە پەنابەران

**کورت مەودا:** دەستنیشانکردنی حالەتە گریمان کراوەکانی بازرگانی پێوەکردن دەبێ لەگەڵ ڕێکارەکانی تۆمارکردنی پەنابەران تێکەڵ بکرێت لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە و وڵاتانی دیکەی خانەخوێ لە دەرەوەی ناوچەکەدا. هەموو دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نا حکومیەکان بە ئەو ڕێکخراوەنەشەوە کە ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ دەکەن، دەبێ مەشقیان پێبکرێت بۆ ناسینەوەو ئاماژەکردن بە حاڵەتە گریمانکراوەکانی بازرگانیپێکردن . هەروەك دەبێ تواناکانی ڕاوەدوونانی بازرگانی پێوەکردن بەهێزبکرێت.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** نیشاندەری دیاریکراوی بازرگانیکردن بە کەسەکان و، دووچاربوون بە بازرگانیپێوەکردن، لەوانەش لاوازی درێژ مەودا لەودیو ئاوارەبوونی سەرەتایی، دەبێ پەرەپێبدرێ بۆ بەکارهێنان لە حالەتە مرۆڤایەتیە لەناکاوەکان.ستافی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کاری مرۆڤایەتی دەبێ مەشقیانپێبکرێت بۆ بەکارهێنانی ئەم نیشاندەرو میکانیزمانە بە مەبەستی هەناردەی کەیسە گریمانکراوەکانی بازرگانی پێوەکردن لەو قەیرانانەی سەرهەڵدەدەن. بنیاتنانی تواناکان بۆ ڕاوەدوونانی حاڵەتی لەم جۆرە دەبێ بخرێتە ریز بەرسڤکانی دادوەری تاوانناسی.

## ٣. دابینکردنی پاراستنی ئەو پەنابەرانەی کە بازرگانیان پێوەدەکرێت

**کورت مەودا:** لایەنە کاراکانی بەگژداچوونەوەی بازرگانیپێوەکردن دەبێ مەشقیان پێبکرێت بۆ تێگەیشتن لە پرسەکانی پەنابەران و دەستنیشانکردنی قوربانیە گریمانکراوەکانی بازرگانیپێوەکردن لەناو پەنابەرانداو گرووپە لاوازەکانی دیکە. پێویستە پێداچوونەوە بۆ ستراتیژیە نیشتمانیەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، میکانیزمەکانی هەناردەکردن و دەستپێشخەریەکان بکرێت بۆ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە بۆیەهیە خەڵکی بازرگانیپێوەکراو پەنابەر، ئاوارە یان کۆچبەری بێ بەڵگەنامە بن.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** تێگەیشتنە یاسایی و کارپێکراوە بەردەستەکانی بازرگانی کردن، پەنابەران، کۆچ و پاراستنی منداڵ وەکو بواری سیاسەتی جیاواز دەبێ بگۆڕدرێن. پێویستە ئەولەویەت بە پاراستن بدرێت لە دەستنیشانکردنی باری یاسایی کەسەکاندا.

## ٤. دابینکردنی دەرفەتی وەدەستهێنانی کاری ڕێکوپێك و ساغکردنەوەی باری یاسایی

**کورت مەودا:** دەبێ سوریەکان و خەڵکانی دیکەی زیان لێکەوتوو مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان هەبێت، تیشکۆ بخرێتە سەر ڕێگەکانی ژیان و مەشقی پیشەیی و، ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ هاتوچۆ لەناو وڵات بەبێ ترسی دەستگیرکردن یان دەرکردن. سیاسەت و پراکتیسەکان دەبێ پێداویستیپاراستنی کەسی لاواز بخاتە پێشەوەو، تەنیا دوای ئەوە پشکنین بۆ سەرپێچیە بچوکەکان بکرێت کە پەیوەندیان بە باری یاساییەوە هەبێت. دەبێ ئاسانکاری بۆ قوربانیانی ئیستیغلال کردن و بازرگانی پێوەکردن هەبێ لە ڕاپۆرتکردن و داخوازی دادگەری یاسایی.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** ئەگەری بوونی ڕەوشی ناوەڕاست –یان دوور- مەودای زیاتری باری پەنابەری لە کۆمەڵگە خانەخوێکاندا ڕێ بە پەنابەران دەدات کە پلان بۆ ئایندەی خۆیان دابنێن، بە مەبەستی پەرەپێدانی تێگەیشتنێك بۆ مافەکانیان و ئەرکەکانیان و تا وایان لێبێت بەرەبەرە بکەونە ریز خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیە بەردەستەکان و بازاری کار. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنیا لەتوانادایە لەگەڵ: وەبەرهێنانە نێودەوڵەتیەکان لە وڵات و کۆمەڵگە خانەخوێکاندا؛ لە پاڵ نیشتەجێکردنەوەی هەندێ لە پەنابەران لە دەرەوەی ناوچەکەدا، چونکە تواناکانی چوار وڵاتە خانەخوێکەی ژێر توێژینەوە لە وزە بەدەرە.

## ٥. زامنکردنی دەستەبەری سەرمایەی تەواوو دابەشکردنی دادگەرانەی یارمەتییەکان

**کورت مەودا:** دەبێ هەمموو لایەنە پەیوەندیدارەکان زامنی دابەشکردنی یەکسانی یارمەتییەکان بکەن لە سوریاو لە وڵاتانی دراوسێدا، لەناوەوەو دەرەوەی خێوەتگاکان و دڵنیابوون لەوەی کە ئەو دابەشکردنانە خراپ بەکارناهێنرێن بە مەبەستی سوودوەرگرتنی کەسانی لاواز.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکانی دەرەوەی ناوچەکە زامنی بەردەوامی بەخشینی یارمەتییەکان بن بەدرێژایی ماوەی شەڕەکە و واز لە «ماندووبوونی بەخشەر» بێنن، هەروەها ئەگەری وەبەرهێنانی بەرفراوان لە وڵاتانی خانەخوێ لەڕێگەی بازارەکانی دراوەوە.

## ٦. دڵنیابوون لە تۆمارکردنی منداڵانی لەدایکبوو

**کورت مەودا:** ئەو منداڵانەی لە دەمی دەستپێکردنی شەڕەوە لە سوریا لەدایك بوون، منداڵانی لەدایك بووی پەنابەرانی سوری لە وڵاتە خانەخوێکاندا؛ لەگەڵ هەر منداڵێکی کە تۆماری لەدایکبوونی نەبێت، دەبێ ئەگەر بکرێت تۆماری لەدایکبونیان لە سوریاوە بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئەگەر ئەوە مەیسەر نەبوو، دەبێ لەدایکبوونەکان لە وڵاتانی خانەخوێ تۆمار بکرێن.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** لەکاتی کۆتاییپێهاتنی توندوتیژی و گەڕانەوەی پەنابەرانی سوری بۆ وڵات، دەبێ ئەولەوییەت بدرێتە تۆماری لەدایکبوونی هەر منداڵێك کە تۆمار نەکرابێت.

## ٧. دڵنیابوون لە چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە

**کورت مەودا:** دەبێ گەیشتنی منداڵ بە قوتابخانەی نیزامی بە زووترینکات ئاسانکاری بۆ بکرێت، بۆ پێدانی مافی بنچینەیی خوێندن و کەمکردنەوەی ئەگەری تێوەگلانیان بە کارکردنی منداڵان یان دەرزۆرکردنەوە. دەبێ دابیابیش پشتگیری بکرێن لە دەستەبەرکردنی داهات بێ تێوەگلاندنی منداڵەکانیان و، بۆ دابینکردنی هاتوچۆی منداڵان لە قوتابخانەو بۆ قوتابخانە.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** ئەو منداڵانەی لە قوتابخانە دابڕاون و، لە کارپێکردنی منداڵان، هاوسەرگیری زوو یان سواڵکردنەوە گلاون، بۆیەهیە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ قوتابخانە کێشەیان هەبێت، کە دەبێ لە چوارچێوەی سیستەمی خوێندندا ڕەچاوبکرێت. دەبێ بەرنامەی قوتابخانەیی تایبەت پیادە بکرێت بە مەبەستی پێڕاگەیشتنیان.

## ٨. چارەسەری شێوازەکانی بازرگانی پێوەکردن کە ڕاستەوخۆ بە شەڕەوە پەیوەستە

**کورت مەودا:** پێویستە مەترسی ڕوو لە زیادبوونی ئیستیغلالکردن لە کێشە چەکدارەکان کەمبکرێتەوە لە ڕێگەی سەپاندنی کارای قەدەغەکردنی بە سەربازکردنی منداڵان. ئەوانەی لەماوەی شەڕدا بریندار‌بوون دەبێ چاودێری تەندروستی شیاویان بۆ دابین بکرێت، بێئەوەی ڕووبەڕووی ترسی بازرگانی پێوەکردن ببنەوە. پێویستە دان بە پێشێلکردنی زۆری مافەکانی یەزیدیەکانی عیراق دا بنرێت. ئەو زیانلێکەوتوانە دەبێ بە خێرایی خزمەتگوزاری پاراستن و شیاندنەوەیان بۆ دابین بکرێت . کەیسەکانی بازرگانییێوەکردنیش دەبێ بدرێنە دادگا.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ بەرنامەکانی تێکەڵکردنەوە بۆ سوریەکان و منداڵانی دیکەی ئیستیغلالکراو لە کێشە چەکدارییەکان جێبەجێ بکرێن.

## ٩. چاککردنی یارمەتی و خزمەتگوزاریەکانی بۆ ئاوارەو پەنابەرانی دەرەوەی خێوەتگاکان

**کورت مەوەدا:** یارمەتی خۆراك، کەرەستەی ناخۆراکی، یارمەتی دارایی، چاودێری تەندروستی، شوێنی نیشتەجێبوون و دەرفەتەکانی دروستکردنی داهات دەبێ لە ژینگەکانی دەرەوەی کەمپەکان و، کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەرانیش چاکبکرێن.

**ناوەڕاست تا درێژ مەوەدا:** پێویستیەکانی خەڵکی ئاوارە کە لە کەمپە فەرمیەکانی ئاوارە و پەنابەراندا ناژین پێویستە بخرێتە ریز پلانی قەیرانە مرۆڤایەتیەکان و دەستەبەرکردنی یارمەتی و خزمەتگوزاریەکانی دیکە.

## ١٠. تێکەڵکردنی بازرگانی پێکردنی ناوخۆ بە سیاسەت و دەستپێشخەریەکانی دژ بە بازرگانی پێوەکردن

**کورت مەوەدا:** دەستپێشخەریەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە دەبێ بە رێگەیەك داڕێژرێن و پیادەبکرێن کە رێگربن لە بازرگانی پێکردنی ناوخۆو دەستنیشانی بکەن و وەرامی بدەنەوە سەرەڕای بازرگانی پێوەکردنی سنووربەزێن. پرۆسەکانی دیاریکردن و وەدەستهێنانی زانیاری و، رێکخستنی باری کۆچبەری و شیاندنەوەو تێکەڵکردنەوە دەبێ بەپێی پێداویستیەکانی قوربانیانی ناوخۆو سنووربەزێنی بازرگانیپێوەکردن داڕێژرابێت. رێکارەکانی دادوەری تاوان پێویستە بریکاری گشتی و پاراستنی شایەتحاڵەکان لەخۆبگرێت بۆ کەیسەکانی بازرگانی پێکردنی ناوخۆ.

**ناوەڕاست تا درێژ مەوەدا:** پێوەرەکانی سیاسەتی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، وەکو میکانیزمەکانی هەناردەکردنی نیشتمانی، هەڵمەتی بەرزکردنەوەی هۆشیاری، ستراتیژو پلانەکانی کارو، بریکاری گشتی دەبێ زامنی ئەوەبن کە بازرگانی پێوەکردنی ناوخۆ پشتگوێ نەخرێت.

## ١١. سەپاندنی سزا بۆ بەرهەنگاربوونەوەی پراکتیسە خراپەکان

**کورت مەوەدا:** سزای کاریگەرو رێنماییە ئاکاریە وابەستەکان دەبێ رەچاوی بەرهەنگاربوونەوەی گەندەڵی و مومارەسە خراپەکان بکەن لەناو سەپاندنی یاساو بەرپرسانی سنوور، فەرمانبەرانی کاری مرۆڤایەتی، خاوەن زەویو موڵکەکان، کەسە سەربازیەکان، پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکان و هیدیکە، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی روودانی ئیستیغلال و بەدڕەفتاری «عەینی».

**ناوەڕاست تا درێژ مەوەدا:** دەبێ نەبوونی سەپاندنی یاساو هەندێ پراکتیسی گەندەڵی راستبکرێنەوە. دەبێ دادگایی کەیسەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بکرێت لە نێو ئەو پراکتیسە خراپانەی ئەنجامدراون.

## ١٢. دەستنیشانکردن و بەرسڤدانەوەی ئیستیغلال کردن لە کاردا

**کورت مەودا:** پیشێلکردنی مافەکانی کرێکاران دەبێ بە شێوەیەکی کارا دیاریبکرێت و بەرپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆی ئەنجامدەران، ئەمەش پێویستی بە دانان و بەکارهێنانی نیشاندەرەکانە، لەگەڵ پرۆگرامەکانی مەشق بۆ پشکنەران و ئاژانسەکانی سەپاندنی یاسا بەسەر بازرگانییەوەکردن بە مەبەستی ئیستیغلالکردن لە کاردا. دەبێ پشکنەران سەرچاوەی تەواویان هەبێت بۆ ئەنجامدانی پشکنینی شوێنەکانی کار.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** بەرنامەکانی بنیاتنانی تواناکان و پەیڕەوەکانی ڕاهێنانی پشکنەرانی کار و بریکاری گشتی و دادوەران و لایەنەکانی دیکەی نەهێشتنی بازرگانییەوەکردن دەبێ ناوەڕۆکەکانیان تێکەڵبکرێت بۆ دیاریکردن و ڕاوەدوونانی پێشێلکارانی مافەکانی کرێکاران، ئیستیغلالکردن بۆ کارو بازرگانییەوەکردن بە مەبەستی ئیستیغلالکردن لە کارو، پاراستنی قوربانییەکان.

## ١٣. نەهێشتنی جیاکاری بەپێی جێندەر و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر

**کورت مەودا:** ڕاهێنان و پرۆگرامەکانی دیکە دەبێ ڕەچاوی ئاسانکاری و بەهێزکردنی گەیشتنی ژنان بکەن بە بازاری کار. دەبێ ئەوە زامن بکرێت کە شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەر و ئاوارەکانی ناوخۆ ساخلەمی تەواوو تایبەتمەندی بۆ منداڵان و ژنان دەستەبەر دەکەن. دەبێ سزای جیاکاری و بێزارکردنی سێکسی بدرێت لە شوێنی کاردا، هەروەك دەبێ لە بەرنامەکانی توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە کوڕان، پیاوان و هاورەگەزبازانیش ڕەنگە ببنە قوربانی جیاکاریوتوندوتیژیسێکسیبەپێیجێندەر، هەروەکو ژنان و کچان.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەبێ ڕەچاوی جیاکاری بەپێی جێندەر و توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر بکەن بۆ پیاوان، ژنان و منداڵان و، لە بەرنامەکانی خوێندن و مەشقی پیشەییدا دایانبنێن. دەبێ فێرکردنی کچان و مەشقی پیشەیی ژنان هانبدرێت. هەروەك پێویستە سەرکردە تەقلیدی و ئاینیەکان لە خولەکانی زانیاری سەبارەت بە جیاکاری بەپێی جێندەر و توندوتیژی سێکسی بەپێی جێندەر بەشداریان پێبکرێت.

## ١٤. چارەسەری خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگا خانەخوێکان

**کورت مەودا:** یارمەتی مرۆڤایەتی و خزمەتگوزاریەکانی دیکەو دەستپێشخەریەکان بۆ پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ دەبێ ئەندامە لاوازەکانی کۆمەڵگە خانەخوێکانیش بگرێتەخۆ، بەتایبەتی لەوناوچانەی کە ئاستی ئاوارەکانیان تێدا بەرزە.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵگە خانەخوێکان بخرێنە ناو پلانی قەیرانەکان و پێویستە زانیاریان پێبدرێت لەبارەی تەوژمی ئاوارەکان و ئەو مافانەی هەیانە، بۆ ڕێگری لە گرژی و کردەوەی دوژمنکارانە.

## ١٥. جێبەجێکردنی بەرنامەی پاراستن لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا

**کورت مەودا:** بەرنامەکانی پاراستن و هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەنێو گروپە لاوازەکاندا سەبارەت بە شێوازی جیاوازی بازرگانی پێوەکردن و خراپ رەفتاریە پەیوەستەکان دەبێ پێکەوە جێبەجێ بکرێنلەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخوێی خۆجێی و کۆمەڵگەکانی پەنابەران.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ بەرنامەکانیبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وا دابڕێژرێن کە هەردوو کۆمەڵگەی خانەخوێ و پەنابەران بکەنە ئامانج، بە رەچاوکردنی جیاوازیە زمانەوانی، کلتوری و ئاینیەکانی دانیشتوانی بەر پرسەکە.

## ١٦. چاکسازی لە سیستەمی کەفالەت بۆ کۆچ و کارپێکردنی کرێکارانی کۆچبەری ناوماڵ

**کورت مەودا:** رەوشی کرێکارانی ناوماڵ کە هێشتا لەناو سوریا ماونەتەوە دەبێ بەخێرایی چارەسەر بکرێت. پێویستە بۆ وڵاتی خۆیان بگەڕێندرێنەوە یان لە وڵاتێکی ئارامی سێیەمدا نیشتەجێبکرێن، بەپێی بەرژەوەندی ئەوان. کۆچبەرانی بازرگانی پێوەکراوی کرێکاری ناوماڵ دەبێ زانیاریان بەدەست بگات لەبارەی مافە یاساییەکان و مافوەرگرتنەوە دەبێ ئەنجامدەرانیش دادگایی بکرێن.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** دەبێ سیستەمی کەفالەت لە سوریا، لوبنان و ئوردن هەمواربکرێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئیستیغلالکردن و بازرگانی پێوەکردن.

## ١٧. داناتی پێوەری تایبەت بە توێژە لاوازەکان

**کورت مەودا:** پەنابەرانی فەلەستینی و عیراقی لە سوریا، سەرەرای گروپەکانی دیکەی پەنابەران دەبێ بە خێرایی بخرێنە بەر هەر رێکارو سیاسەتێکی تایبەت بەو پەنابەرانەی کە هاوڵاتی سورین. بەتایبەتی لە فەرمانە جیاوازەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەرانی فەلەستینی لە لوبنان و ئوردن پێویستە زیان بە مافە بنچینەییەکانیان نەگەیەنێت.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پلانە مرۆڤایەتیەکان و سیاسەتەکانی پەنابەران دەبێ ئەوە رەچاو بکەن کە هەموو هەڵاتوانی شەڕ هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتە نین کە لێیەوە رایانکردووە. پێویستە رێکاری یاسایی و مرۆیی تایبەت ئەمە چارەسەر بکات.

## ١٨. فراوانکردنی بەرچاوی کەناڵە یاساییەکان بۆ نیشتەجێبوون لە دەرەوەی ناوچەکە

**کورت مەودا:** وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپاو وڵاتانی ئارامی دیکە لە دەرەوەی ناوچەکە دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی سوریەکان و کەسانی زیان پێکەوتوو زیادبکەن لە پێشکەش کردنی پەنابەری و نیشتەجێ کردنەوە. کەناڵە یاساییەکانی تری چوون بەرەو دەرەوەی ناوچەکە دەبێ پێشکەش بکرێت بە کەسانی ئاتاج بە پاراستنی نێودەوڵەتی لەوانەی کە لە UNHCR تۆمارنەکراون. نیشتەجێ کردنەوە و کەناڵە یاساییەکانی دیکە بۆ پەنابەران سوودیشی دەبێت بۆ ژێرخانی بار قورس و بازاری کاری وڵاتانی خانەخوێ.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** پێویستە چاودێری دینامیکیەتی شەڕی سوریاو رەوشی پەنابەران بکرێت لە وڵاتانی دراوسێدا بۆ بەردەوامی لە زیادبوونی پشکەکانی نیشتەجێ کردنەوەو فراوان کردنی کەناڵە یاساییەکان بۆ نیشتەجێ کردنەوە بە پێی پێویست. بەپێی تواناي میوانداری وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە.

## ١٩. بڵاوکردنەوە، گفتوگۆو بەرسڤ بۆ ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

**کورت مەودا:** پێویستە وێرکشۆپ و ئیڤێنتی دیکە بەڕێوەبچێت لە وڵاتانی ژێر توێژینەوە و ، وڵاتانی دیکەی پێداپەڕینەوەو مەبەست بۆ پەنابەرانی سوریا کە بەرەو یەکێتی ئەورووپاو ناوچەی دیکە دەچن، بۆ بڵاوکردنەوەی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، گفتوگۆو تەبەنی کردنی ڕاسپاردەکان، دانانی ڕاسپاردەی تازە. دەبێ ئەو ئیڤێنتانە هەموو لایەنە کارا پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت، لەوانەش پیشەگەرانی نەهێشتنی بازرگانی پێوەکردن، پەنابەران و کۆچ، هەروەها شارەزایان و چالاکانی بواری پاراستنی منداڵ و مافەکانی ژنان. ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و بەخشەران دەبێ گرووپی فشار دروست بکەن بۆ بەرسڤی دەرەنجامەکان و جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکان.

**ناوەڕاست تا درێژ مەودا:** بە ئاگاداری لە خاڵە لاوازەکانی بازرگانی پێوەکردن کە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا دەستنیشان کراون، هەرچوار وڵاتی خانەخوێی ژێر توێژینەوە و، وڵاتانی دیکەی پێداپەڕینەوەو وڵاتانی مەبەست بۆ پەنابەرانی سوری دەبێ بە هاوبەشی کاربکەن بۆ ڕێ لێگرتن و نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە نێو ئەم گرووپەدا، لەناو بەرنامەو دەستپێشخەریەکانی دیکە ، بەهۆی دامەزراندن و /یان تواناپێدانی میکانیزمەکانی هەنارەدە کردنی نیشتمانی بۆ خەڵکانی بازرگانی پێکراوو، ڕاوەدونانی کەیسەکانی بازرگانی پێوەکردن لە ناوخۆو ئەودیوی سنوور.

## به ئامانجگرتنی خاڵەكانی لاوازی - پوختەی لێكۆڵینەوە

## سەنتەری نێودەوڵەتی پەرەپێدانی سیاسەتەكانی كۆچ، ٢٠١٥

زیاتر لە شەش ملێون و نیو كەس لە سوریا ئاوارەبوون، لەكاتێكدا توركیا، لوبنان، ئوردن و عیراق بونەتە خانەخوێی زیاتر لە چوار ملیۆن پەنابەری سوری. هەندێك لە خەڵكی هەرە لاواز لە نێوانیاندا كەوتوونەتە بەر كاریگەری یەكێك لە پێشێلكاریە هەرە مەترسیدارەكانی مافەكانی مرۆڤ: بازرگانی كردن بە كەسەكان. ئەو كەسانەی لە ناوەوە بۆ دەرەوەی سوریا رایانكردووە دەبێ توانای دەست پێكردنی ژیانێكی تازەیان هەبێت بۆخۆیان كە دووربێت لە شەڕ، بازرگانی پێوەكردن و ئیستغلال كردن. ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ كاریگەری شەڕی سوریا ئەنجامدەدات بەسەر بازرگانی كردن بە مرۆڤ لە ناوچەكەدا و لە كاتی گونجاودا راسپاردەكان بۆ چۆنیەتی بەرسڤدانەوە پێشكەش دەكات.

ISBN: 978-3-902880-72-7

ISO 9001:2008 certified